**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
2 (3), pp. 80 – 107
http://www.ijoks.com

# The role of media convergence in Kurdish Dialects Rudaw Network Media as a samples

***Hunar M.Hussein*** [1]

**Received**: May 01, 2016 **Reviewed**: May 08, 2016 **Accepted**: May 21, 2016

## Abstract

The present research is an attempt to find a solution bringing Kurdish dialects closer and updating its vocabularies. In this matter all Kurdish dialects (Kurmanci, Sorani and Zazaki) should be united into one formal Standard Language. As well known, the dialects of any language meets its formal interests. Thus, the linguists confess the fact that all the human languages have dialects including every one while speaking his own 'individual' spoken style. Besides, the Kurdish language should be raised to a standard to be comparable to International Standard. It should be based on the scientific systems to meet the benefit of the vocabularies uniting the Kurdish vocabularies as well as phonetic and seeking to reunite the Kurdish people. Obviously, the media and the press have great influence on languages and human development in all fields. Language and the identity are the most important global depiction of any people living on earth. (ich habe den Satz verändert, aber ich weiß nicht , ob der Kontext derselbe ist, was wolltest du damit sagen? der vorherige sATZ HATTE keinen Sinn). In spite of the attempt to assimilate the Kurdish language by different political processes the Kurdish language was not to put an end. By request of Kurdish existence the kurdish politicians and intelectuals has been struggling against the above mentioned systems for the Kurdish human beings. But one should not neglect the lingual rule of Mr. Madhat Badirkhan and the government of Kurdistan region in developing the Kurdish Language. As a result of the global free transformation on Media in Iraqi Kurdistan, the Rudaw TV is a real symbol and network to have been chosen as a sample for the recent research. Undoubtly, there are some reasons to chose Rudaw TV and these reasons are:

- It is the most popular TV in Kurdistan
- Sending its programs in different dialects
- Became an International TV

**Recommended citation:**
Hussein, H. M. (2016). The role of media convergence in Kurdish Dialects Rudaw Network Media as a samples. *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 80– 107.

[1] Assist Lecture, Cihan University, Erbil, Translation Department. 99 Zanko –Erbil- Iraq
Hunar.kurd@yahoo.com

پێشەکی:

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە کەناڵێك هەبووە بۆگەیاندنی بیرو بۆچوون و هەواڵ و پەیوەندیەکان و راگەیاندن هۆکارێکی گرنگی مانەوە و گەیاندنی ڕابردوە, لە سەرەتای سەرهەڵدانی مەدەنیەتەوە گەشەی کردوەو وێنا شارستانی و کێشمە کێشمەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەرخستوە ,هەموو کات ئەرکی دەسەڵاتی بەشێوەی رەنگدانەوەی کۆمەڵگاو خەسڵەتە چاك و خراپەکانی دەرخستوە . راگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم ئەژمار دەکرێت لە ڕابووردوو ئێستادا ئەرکی گرانی دەرخستەی ڕامیاری و کومەڵایەتی و ئابووری و بوارەکانی تری گرتۆتە ئەستۆ و زۆربەی کایە مەعریفی و کەلتوری و تەرفیهی گرتۆتە ئەستۆ لەبەر گرنگی ڕاگەیاندن لە بەرهەمهێنانو دامەزراندنی  کۆمەڵگای مرۆیدا و جوانکردنی ڕووی شارستانیەتو دانەبڕانمان لەدونیای پێشکەوتوو.

بەتایبەت سەبارەت بە کەلتوری کۆمەڵگای کوردی کە هێشتالەسەرەتادایە،بۆ ناساندنو خۆئامادەکردن بۆ گۆرانکاری نوێ لە شێوازی ژیانی خەڵك life style)) بەدیهێنانی گۆرانێکی پڕ بایەخ لە مافی مرۆڤ, ڕادەیەك بڕگە یاساییەکان لە خزمەت بەرژەوەندی ئەواندانو کەموکورتیەکانی چین وتا چەند کار بۆ ئەوە کراوە پراکتیزەو فەراهەم بکرێت لەژیانی ڕاستەقینەدا. و چەند هاوڕێکە لەگەڵ گۆڕانە مەدەنیو کۆمەڵایەتیەکاندا، لە داڕشتنی بڕگە یاساییەکاندا چەند ڕەچاوی هەل ومەرجی کەلتوری نەتەوەیی کراوە, راِگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە نزیك کردنەوەی دیالێکتەکان وە گۆرینی گوتارەکان بۆ مەعریفە و قبولکردنی فرەیی و هەمە ڕەنگی لە کۆمەڵگادا کەمکردنەی جیاوازی و نەهێشتنی ئاستەنگەکان لە پێشکەوتن و مۆدێرنەکردنی ژیان و خۆش گوزەرانی بە پەروەردەی دروست ئەویش بە خستنە ڕوی دیاردە دزێوەکان و بانگەشە بۆ ڕەفتارو خوە جوانەکان وە فەراهەمکردنی پێکەوە ژیانی و ڕەنگدانەوەی لە ئاستە جیاوازەکاندا .

و تەلەفزیۆن بە یەکێك لە هۆکارە گرنگە کان ئەژمار دەکرێت لە بواری ڕاگەیاندندا ئەویش بە پێوەری پرۆگرام و گشت گیری جۆری پێشکەشکردن بابەتەکانی وکاریگەریان لەسەر ژیانی خەڵك وە دەورێکی گرنگی لە کایە سیاسی و ئابوری و کومەڵایەتی و بوارەکانی تردا هەیە و لە ئیستای ژیانی ڕۆژانەدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردوە لە بەکارهێنانی وەك ڕێگایەکی گەیاندنی زانیاری و پتەوکردنی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی دروست دیارە پێشکەوتنی کەناڵەکانیش وەستاوەتە سەر پرۆگرام و داڕشتنی بابەتیانەو چۆنیەتی پێشکەشکردن و پێشکەشکار و ڕەوانبێژی و زمان و پاراوی و بێلایەنی لە هەڵبژاردنی تەماشاکەراندا ئەویش دەوەستێتە سەر رێبازی کەناڵەکە .وەك دیارە لە ئاستی دەرەوەو ئەوروپادا زمانی ستانداری ڕاگەیاندن هەیە کە هەموو خەڵك و ئاستەکانی راگەیاندن پێی ئاشنان دوور لە زمانی راگەیاندنی دەسە لات و قورغکردنی بوارەکانی . جگە لەوە ئەم بوارە ئەوەندە گرنگە دەیان کەڵەپیاوی ئەکادیمی و بەتوانای دروست کردوە کە بونەتە مایەی گۆران لە ژیان و بەرەنگاربوونەی ئاستەنگەکانی و بەرخوردانی بەردەوام لە گەیاندنی داواکاریە کانی خەڵك و هاووڵاتی .ئەمەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دانەبران لە دونیای پێشکەوتن دۆزینەوەی رێگا چارە ڕونەکان و دەرخستنی دیاردە دزێوەکان

ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەک بۆ لێکنزیککردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و یەکخستنی زاراوەکانی،چونکە ئێمە پێمان وایە بە یەک خستنی زاراوە هەنگاوێکی گەورە دەنێین بۆ دروست کردنی زمانێکی کوردی فەرمی.کەواتە دەشێت هەنگاوی  یەکەم لە زاراوە دەست پێبکەین و بیکەین بە بەردی بناخەی لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی.هەروەها ئاماژەش بەوە کراوە نابێت بە هیچ شێوەیەک زارێک لە زارەکانی زمانی کوردی فەرامۆش بکرێت و بایەخی پێنەدرێت، چونکە بە پێی تاقیکردنەوەی گەلانی دیکەوە دەرکەوتوە کە بوونی ئەم دیالێکتە جیاوازانە بوونی زنجیرەی زمانیە، بۆیە دەبێت سود لەو زنجیرەیە وەربگیرێت و زمانی فەرمی پێ دەوڵەمەند بکرێت. بەیەکخستنی زاراوە و وەک یەک بەکارهێنانی لە نێوان هەموو تاکەکانی دیالێکتە جیاوازەکاندا سودی لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی تاکەکانی کۆمەڵ و دیالێکتەکانی هەیە. ئەم باسە بۆ ئەم سەردەمەیَ ئێستا هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەرە ،ئەگەر بە شێوەیەکی پراکتیکی پیادەبکرێت.

بێگومان هیچ زمانێک نییە دیالێکتی نەبێت یان لە چەند دیالێکتێک پێک نەهاتبێت تەنانەت هەندێک لە زانایانی زمان پێیان وایە هەر تاکێکی هەر کۆمەڵگەیەک بۆخۆی دیالێکتێکی سەربەخۆیە چونکە تاکی هەر کۆمەڵگەیەک  شێوازی قسەکردنی تایبەتی خۆی هەیە  لەکەسانی دیکەی جودا دەکاتەوە .

راگەیاندن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە هۆشیارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا و بونیاتنانی شارستانیەتە جیاوازەکان لەسەر گۆی زەوی .کاتێک سەیری جۆر و شێوازی پێشکەوتنی ئاستی رۆشنبیری و زانستی وڵاتان و کۆمەڵگا جیاوازەکان ئەکەین .

زمان هەر ناوندێکی تێگە ئیشتن و لە یەک گەیشتن فەراهەم ناهێنێ ، بەڵکو خودی زمان هەندێ هەست و سۆز و خۆشەویستی لە زاتی خۆی هەڵدەگرێ، ئەو کاتە هەستی پێدەکری کە لەناو نەتەوەی تر بەکاری دەهێنین ، بۆیە زمان ( بوون ) و ( ناسنامەی)ی تاکەکانی نەتەوە دەگەیەنێ . زۆر جار پرسی زمان ، لە پرسی خاک زیاتر نەبێت کەمتر نییە.
دایکی کورد ، هاوشانی سیاسی و رۆناکبیرانی کورد بە " نەخوێندەوار "ی خۆی شەڕی "مانەوە" و "شیرینکردن "ی زمانی کوردی لە کۆمەلگای خۆی کردووە . هەرچەندە دەوڵەتی داگیرکار لە ڕێگای قوتابخانەوە زمانی خۆی بەسەر منداڵانی کورد سەپاندووە ، بەڵام دایکیش لە قوتابخانەی ماڵەوە نەیهێشتووە زمانەکەی تیرور بکرێت .
شەڕی پاراستنی زمانی کوردی و شکۆی ئەو زمانە لە بەرامبەر داگیرکاراندا مێژوویەکی پڕشنگە . سیاسەتمەدار و رۆناکبیرانی کورد هەر لە میقداد بەدرخانەوە بگرە تاوەکو قۆناخی بە هکومەتبوونی دەسەڵاتی سیاسی کورد لە باشور چۆن شەڕیان لەسەر خاک کردووە ئەوهاش شەڕیان لە پێناو زمانی نەتەوە کردووە
دەمەوێت بلێم نامەویت لە ئەرک و ماندووبوونی تەلەفزیۆنەکانی تر کەم بکەمەوە بەڵام هەڵبژاردنی کەناڵەکە پەیوەندی بە چەند هۆکارێک بووە ئێمە باس لە سیاسەتی کەناڵەکە ناکەین بەڵام بە زووری جەماوەر تەماشای دەکەن خیرایی کەناڵەکە و بەکارهێنانی دیالیکتە جیاوازەکان لە بەرنامەکانیدا و دەستکراوەییان و دەرکەوتنی کەناڵەکە لە زیاتر لە چەند مانگێکی دەستکرد وای کردووە ئەم کەناڵە هەڵبژیرین وەک نموونە واتە (تۆری میدیای روداوو).
فۆرمی راپرسیەکە بە دوو شیواز دابەشکراوە لە سەر هاوڵاتیانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان گەورە کە مەبەستمانە بە شیوازی مانوال و شیوازی ئەلیکترونی و بە دیالێکتی کرمانجی سەروو دابەشکراوە بە پیتی لاتینی لە باکۆری کوردستان و بەشێکی بچووک لە کوردستانی رۆژاوا و بە دیاڵیکتی (کرمانجی خواروو) سۆرانی دابەشکراوە لە کوردستانی باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان و بە دیالیکتی کرمانجی سەروو ئەلف و بی ئارامی (عەرەبی) دابەشکراوە لەو شارانەی کوردستان کە ئەلف و بێی ئارامی (عەرەبی) بەکار ئەهێنن وکۆی ئەو کەسانەی کە وەڵامیان داوەتەوە (١٠٠٠) کەسن دابەشکراون بە سەر هەر چوار پارچەی کوردستان بە رێژەی جیاواز کە (٢٩٠) لە باکۆری کوردستان و (٢٦٠) لە باشوری کوردستان و (٢٤٠) رۆژهەڵاتی کوردستان و (٢١٠) لە رۆژاوای کوردستان.

**تەوەری یەکەم/ ڕاگەیاندن و کاریگەری لەسەر زمان**

راگەیاندن"پێدانی هەواڵی راست ، زانیاری دروست , راستی نەگۆڕ بە خەڵك تاوەکو بتوانن رایەکی دروست دەرببڕن لە رووداوێك لە رووداوەکاندا , یان لە گرفتێك لە گرفتەکاندا ، بەشێوەیەك ئەم رایە دەبڕینێکی بابەتیانەی ئەقڵیەتی خەڵك و ئاراستە و ئارەزوەکانیان"[1] . زانای ئەڵمانی (ئۆتۆگروت) پێناسەی دەکات کە بریتیە لە : "دەربڕینێکی بابەتیانەی ئەقڵی و رۆح و ئارەزووی جەماوەرە لەگەڵ ئاراستەکانی لەهەمان کاتدا "[2] .
ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لە پێش هەموشیانەوە کاریگەری بەسەر زمانەوەهەیە، چونکە دەچێتە نێو هەموو ماڵێکەوە و بە ئاسانی کار لە هزر و فەرهەنگی زمانی وەرگر دەکات.

زمان یەکەم کەناڵە کە مرۆڤ هەستی پێ کردبێت و ناسیبێتی لە بواری پەیوەندیکردندا ، هەر کە مرۆڤ لە دایك بوو وکەرەستە زمانەوانیەکانیشی لەگەڵی لەدایك بوون کە لە شێوەی ئاماژە و سیمبول و دەنگ و وێنە و رێزمان و نەقش .. دەربڕینی لێکراوە. دکتۆر ئەمیرە ئەلحسەینی ئەلێت " ڕاگەیاندن گەورەترین چالاکی کۆمەڵایەتییە کە زمان بەکار ئەهێنێت" ئەمەش بە نوسین بێت یان بە گوتن بێ."[3]

هەموو ئەو شێوازانەی پەیوەندی کردن و پێویستی کۆمەڵایەتی و پێویستی ئابووری‘ مرۆڤ بوونە پاڵنەری سەرهەڵدانی ئەم ئامرازو شێوازانە , کە وەك ئامرازێکی دەربڕین بەکار هێنراوە بۆ رێکخستنی رەفتاری ژیانی لە نێو ئەو کۆمەڵانەی کە تێیدا دەژێت و ئەو کۆمەڵانەیش کە تێیدا ژیان بەسەر نابات .

ئەم شێوازانەی پەیوەندی کردنی زمانەوانی کە پێشتر پێی نەگوتراوە " زمان " بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا یەکەمین ئامرازە کە مرۆڤ ناسیویەتی بۆ دەربڕینی پێداویستی و رەفتارە کۆمەڵایەتی و بەها و ئاراستەکانی ، گشت دەزگاو دامەزراوەکانی راگەیاندن بە تەواوی پشت بە زمان دەبەستێت لە گەیاندنی پەیامەکانی بە بەرامبەرەکانی , هەروەها پشتی پێدەبەستێت لە رێگاکانی بەکارخستنی بەو شێوەیەی کە دەگونجێت لە گەڵ ئامانجەکانی ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە پەیوەندی کردن .

لەگەڵ روونی مانای زمان "Language" و رۆیشتنی بەسەر هەموو زوبانێکدا بەڵام لێکۆڵەران لە بارەی پێناسە کردنی هەندێك نارەحەتی و ناخۆشیان بینیوە و بوون بە چەند بەش و تایەفەوە."[4]
ئەوەتا زمان لای ئەرستۆ : "سیستەمێکی ئاخاوتنی دیاریکراوە سەری هەڵداوە لە دەرەنجامی رێککەوتن لە نێوان کۆمەڵێك گرووهی مرۆیی لە شوێنێك دا "[5] . زمان لای ئەو سیمبولی فیکرە ، و جیاوازی دروست دەکات لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا ، نوتق و هزر لای ئەرستۆ بەیەکەوەن و نوتق کردن تایبەتمەندی مرۆڤە و بەبێ زمان نە هزر , نە زانست بەردەست نابێت."[6]

ئامانجی (زمان) لای ئەرستۆ: بەدەست هێنانی پەیوەندیە لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ یان زانینی مرۆڤە بۆ شتەکان , لەوانەشە وەك ئامرازێك بەکار بهێنرێت لە پەروەردە و خۆشی لە بوارێك لە بوارەکانی چالاکی مرۆیی."[7]
سەبارەت بەسەرهەڵدانی : زمان بەرە بەرە دروست دەبێت ، بەیەك جار دەرناکەوێت , و فراوان بوون و بڵاو بوونەوەشی بە رادەی دەرکردنی مرۆڤ و پێویستیەکانیەتی . یەکەمین قسەی کە مرۆڤ نوتقی پێکردوە بریتی بوو لە تەعبیرکردن لەو شتە نزیکانەی کە لەدەوروبەریەتی و چاوەکانی درکی پێدەکات."[8]

هەروەها دکتۆر (( برکات عبد العزیز )) بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیاندا دەکات:
- زمان وابەستەیەکە لە سیمبولی دەنگی کە بە بەچەندین رێگاو شێواز بڵاو بوویەوە تا تاکەکان مامەڵەی پێبکەن .
- زمان بریتیە لە کۆمەڵێك رێکاری فسیۆلۆژی و سایکۆلۆجی کە بەدەست مرۆڤەوەیە تا توانای ئاخاوتنی پێببەخشێت.
- زمان بریتیە لە پیشەی دەربرینی زارەکی هزر جا ئەم دەربرینە دەرەکی بێت یا هی ناخ.
- کۆمەڵێك نیشانەی ئاماژەیەکی کۆمەڵی هاوبەشە, دەتوانرێت دەرببرێت لەلایەن گشت ئەو تاکانەی کۆمەڵگە کە قسەی پێ دەکەن, یاخود کێبرگێیەکی رێژەیی هەیە لەهەر هەڵوێستێك کە لێیدەردەکەوێت و سیستەمێکی دیاریکراویشی هەیە کە وادەکات بەیەکەوە بگونجێن بە پێی چەند بنەمایەکی دیاریکراو, بەمەبەستی دروستکردنی چەند پەیوەندیەکی ئاڵۆز تر."[9]

---

[1]- د. عبد اللطيف حمزة (1984) **الإعلام والدعاية** ، الهيئة المصرية للكتاب ، طبعة 2 ،ل 75.

[2]- د. عبد العزيز شرف (1989) **المدخل إلى وسائل الإعلام**، بيروت:دار الكتاب اللبناني ، طبعة1 ل16.
[3] - د. أميرة الحسيني (2005) **فن الكتابة للإذاعة والتلفزيون** ، دار النهضة العربية، بيروت لبنان
[4]- إبراهيم أنيس (1970) **اللغة بين القومية والعالمية**، دار المعارف – مصر، ل11.
[5]- د. عبد العزيز شرف (1971) **الإعلام ولغة الحضارة** ، مجلة اللسان العربي، ذ 1، بەرطى 11، لا 347.

[6]- د. محمد غنيمي هلال(1989) **النقد الأدبي الحديث** ، مكتبة نهضة مصر ، القاهرة ، ل 42.

[7] - د. محمد غنيمي هلال(1989) ، هەمان سەرضاوەى ثَيشوو، ل44.
[8]- د. عدنان محمد سلمان (2011) الفارابي وآراؤه اللغوية في كتاب الحروف ، مجلة المورد، عدد 1 ، مجلد 18، ل114 .

[9] - أ.د : سامي الشريف – د. أيمن منصور ندا (2004) **اللغة الإعلامية ( المفاهيم- الأسس – التطبيقات )** جامعة القاهرة للتعليم المفتوح ، القاهرة ، ص 13-14.

هەروەها رەحیم سورخی لە کتێبی "پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری" ئاماژە بە ووتەیەکی ئەرستۆ دەکات لەبارەی رۆڵی زمان لە پەیوەندی کۆمەڵگادا " مرۆڤ بونەوەرێکە، حەز بە مەدەنیبوون دەکات و لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەژی"[1].

کەواتە بەسانایی دەکرێت بزانرێ کەلەسەردەمی پێکهاتنی کۆمەڵگاوە گرنگترین بابەتی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیدابووە. گرنگترین ئامرازیش بۆ ئەم پەیوەندییە بەردەوام زمان بووە.
سەرەڕای ئەوەی کە چەمکی زمانی ڕاگەیاندن باوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم چەمکە نیە ، لە زۆر لە پێناسەکاندا زیاتر بەلای باسکردنی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانیدا دەچن زیاتر لەوەی باس لە رەگەز و توخم و دیارخەری جیاوازیەکانی و جیاکەرەوەکانی ، لەوانەش رای ئەوانەی کە باسیان لە زمانی راگەیاندن کردوە و دەڵێن ( ئەو زمانەی کە لە فراوانترین فەزا دا تەشەنە دەکات , لە چوارچێوەی جەماوەری گشتی ، کە گەورەترین خاڵی هاوبەشە لە گشت لقەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و مەعریفەت و رۆشنبیری و پیشەسازی و ئەدەب و وێژەدا ... چونکەی مادەی راگەیاندن , لە دەربڕیندا سەبارەت بە کۆمەڵگە و ژینگەدا ، ئەوا رەگەزەکانی خۆی لە هەموو هونەرێك و زانستێك و مەعریفەتێکدا وەردەگرێت ) .
(براون و یول) ئەرکەکانی زمان لە دوو زاراوەی گشتیدا دەخەنە ڕوو، ئەرکی "گواستنەوە" واتە ئەرکەی کە زمان بۆ دەربڕینی ناوەڕۆك بەکاری دێنێ و ئەرکێکی دیکە کە بەندە بە دەربڕینی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕوانگە تاکەکەسییەکانەوە کە بە ئەرکی "هاوکاری" وەسفیانکردووە."[2]
زمانی راگەیاندن زمانی شارستانیەتە ... کارێکی سرووشتیشە کە راگەیاندن سوود لە خەسڵەتەکانی زمانی کوردی وەربگرێت لە رووی شارستانی و ئەو گۆڕانە گەورە بەدەست بێنێت بە تەسك کردنەوەی مەودای نێوان زمانی ووتار و زمانی نووسین , و دەرگا والآبکات لەبەر دەم کوردیەکی پەتی کە بخرێتە نێو گشت شوێن و بوارەکان و لەدەربڕینی راگەیاندندا باڵادەستی خۆی هەبێت . زمانیش ئامرازی راگەیاندنە , یان ئەو پڕۆگرامەیە کە پەیامی پێ دەگوازرێتەوە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر , ئەوتا زمانی ئاماژە و پیشاندان و وێنە و سینەما , گشتیان ئامرازن بۆ گەیاندنی پەیام ."[3]
هەروەها دکتۆر " محمد سید محمد " بۆچوونی وایە کە (( خانەی هاوبەشی نێوان زمان و راگەیاندن لە پەیوەندی نێوان (دەربڕین و مانادا) خانەی ئاماژە کردنە , ئەوەتا زاناکانی زمان گرنگی دەدەن بە "زانستی ئاماژەکان" و زاناکانی ڕاگەیاندن گرنکی دەدەن بە چوارچێوەی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگرەکەی تاوەکو گەیاندنەکە بکەوێتە چوارچێوەی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر نەك بکەوێتە دەرەوەی ئەم خانەیە , لێرەشدا دەربڕین دەبێتە خاڵی هاوبەش لەم خانەیەدا واتە خانەی ئاماژە , لە نێوان زمان و راگەیاندن .
کەواتە دەکرێت بڵێین زمان و ڕاگەیاندن پەیوەندییەك هەیە لە نێوانیاندا ، چۆلی ئەسعەد پێی وایە پەیوەندییەکە بەیەکسانی و بەهێڵێکی تەریب ناڕوات، واتە هەردوو لایەنەکە مەرج نییە بەهەمان پلە کار لەیەکتربکەن، چونکە ڕاگەیاندن لایەنی بەهێزترە بۆیە کاریگەری بەسەر زمانەوە لە ئاستێکی بەرزتردایە، بە بەراوردی کاریگەری زمان بەسەر ڕاگەیاندنەوە."[4]

## ڕێنووس و ڕاگەیاندن

ڕێنووس ( ئارتۆگرافی ) یا ( ئیملا) ، شێوە و شکڵی نووسینە ، بۆ ئەوەی هەر وشەیەك چۆن دەگوترێت ئاوهاش بنووسرێت ، دەبێ پابەندی چەندین ڕێسا و دەستوور بین و لێی لانەدەین ، ئەم پابەندبوون یا لانەدانە ، پێی دەگوترێت ڕێنووس .
دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( 1940- 2007 ) دەڵێ : " ڕێنووس بریتییە لە کۆمەڵێك دەستوور کە بە هاریکارییان ئاخاوتنی ئێمەیان پێ دەنووسرێ . ئەوەی دەنووسێ ئەگەر لە دەستوور لابدا ، هەڵەی ڕێنووس دەکات . ئەو جۆرە هەڵانەش کۆسپ دێننە ڕێگەی خوێندنەوەی تێکست. ئەو کۆسپانەش سەرنجی خوێنەر لە تێگەیشتنی ناوەڕۆك کەم دەکەنەوە"[5] بە لای جەمال نەبەزەوە ڕێنووس نووسینی وێنەی دەنگەکانی زمانە"[6] . ئەگەر بە نموونە وڵاتانی ئەوروپا وەربگرین دەبینین کە زمانێکی لێك تێگەیشتنی ڕاگەیاندن هەیە جیاوازە لە زمانی بوارەکانی تر ئەمە وای کردووە کە راگەیاندنکار پیویستە زمانەکەی بخوینێت و فیری زمانی ئەکادیمی ڕاگەیاندن ببێت پێش ئەوەی ببیتە راگەیاندنکار، بەمەش فێربوونی ئەو زمانە ستاندارده لێك تیگەیشتن دروست ئەکات و دەسەڵات و ئەرك و نرخی ڕاگەیاندن بەر فراوان تر دەکات .

[1]- رةحيم سورخى ،2008، **ثرؤسةى ثةيوةندى جةماوةرى زمان ، مؤديَل و رِيَبازى تويَذينةوة**، دةزطاى موكريانى ، دهؤك.

[2]- Brown. G and Yul. G 1983: ***Discourse Analysis,*** Cambridge University press.

[3]- أ.د : سامي الشريف – د. أيمن منصور ندا ، اللغة الإعلامية ( المفاهيم- الأسس – التطبيقات ) جامعة القاهرة للتعليم المفتوح ، القاهرة ، 2004 ، ص 13-14.

[4]- ضؤلى ئةسعةد ( 2013) هةمان سةرضاوةى ثيَشوو.

[5] - دوكتؤر ئةورِةحمانى حاجى مارف (1986) **نووسينى كوردى بة ئةلف وبيَى عةرةبى** ، ضاثخانةى علا ، بةغدا.

[6]- جةمال نةبةز (1976) **زمانى يةكطرتوورى كوردى** ، بلاَوكراوةى يةكيَتى نةتةوةيى خويَندكارانى كورد لة ئةوروثا ، ئةلَمانيا

له كوردستانیشدا، ڕێنووس له ئه‌مڕۆدا پرسێكی ئێجگار گرنگ و پڕ بایه‌خی میدیا و كلتووری كوردییه‌ ، به‌ تایبه‌تی له‌ كوردستانی باشووردا. بۆ ئه‌وه‌ی میدیاكار و ڕۆژنامه‌نووس وا بكه‌ن خوێنه‌ر، یان گوێگر و بینه‌ر درووست لێیان تێبگه‌ن ، ده‌بێ شاره‌زای ڕیسا و ده‌ستووره‌كانی ڕێنووس بن ، ئه‌وه‌ی ڕێنووس ڕێك ده‌خات و یه‌كی ده‌خات یاسا و ڕێسا و ده‌ستووره‌كانی ڕێزمان و ئه‌لفوبێی زمانه‌كه‌یه‌ ، نه‌ك په‌یڤین یا شێوه‌زاری ناوچه‌یه‌ك . كار نه‌كردن به‌ ڕێنووسی یه‌كگرتووش نه‌ك هه‌ر مه‌ودای نێوان ( نووسه‌ر و نێره‌ر ) له‌ لایه‌ك و ( خوێنه‌ر و وه‌رگر ) له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌ فراوان ده‌كات ، به‌ڵكو ته‌نانه‌ت ده‌شێ كه‌لێنی گه‌وره‌ بخاته‌ نێوانی نووسه‌رانیشه‌وه‌ ، مامۆستا مه‌سعوود محه‌مه‌د (1919-2002) ده‌ڵێ : " ڕێنووس ده‌فری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییه‌ و هه‌ر ته‌قه‌ڵێكی هه‌ڵوه‌شێوه‌كه‌ڵێن ده‌دا بۆ فره‌وانبوونی مه‌ودای له‌گه‌ڵ یه‌كدیدا نه‌ گونجانی نووسه‌ران "[1] .

ڕێنووسی هه‌ر زمان ، یا هه‌ر ئه‌لفوبێیه‌كیش تایبه‌تمه‌ندی خۆی هه‌یه‌ ، به‌و واتایه‌ی ناكرێ ده‌ستووره‌ ڕێنووسی هیچ زمانێك به‌سه‌ر زمانێكی دیكه‌دا بسه‌پێندرێت یا پیاده‌ بكرێت.

به‌شێكی ئه‌و بابه‌ت و وتارانه‌ی له‌ میدیاكاندا بڵاو ده‌كرێنه‌وه‌ ، هه‌ر به‌ڕاستی ناوه‌ڕۆكه‌كه‌یان ده‌وڵه‌مه‌ند و پڕ زانیارییه‌ وشتی تازه‌ ده‌به‌خشنه‌ خوێنه‌ر ، به‌ڵام له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی به‌پیی پێویست ره‌چاوی مه‌رج و ڕێساكانی ڕێنووس ناكه‌ن ، بۆیه‌ به‌شێكی ئه‌و به‌ها وجوانییه‌ی كه‌ بابه‌ت یا وتاره‌كه‌ هه‌یه‌تی له‌ ده‌ست ده‌دات . چونكه‌ ڕێنووس گه‌ره‌كه‌ ده‌ربڕی شێوازی ده‌نگ و جۆری وشه‌كان بێت ، به‌ جۆرێك ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ وشه‌یه‌ك ده‌خوێنیته‌وه‌ ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر له‌ مانای وشه‌كه‌ش حاڵی نه‌بێ ، بتوانێ وشه‌كه‌ به‌ جوانی وه‌كو خۆی بخوێنێته‌وه‌ .

بۆ نموونه‌ ڕاپورته‌هه‌واڵێك كه‌ ڕۆژنامه‌نووسێك ده‌ینووسێت و ده‌یداته‌ بێژه‌رێك له‌ ڕادیۆ یا ته‌له‌ڤزیۆن بخوێنێته‌وه‌ ،ئه‌و ڕاپۆرته‌هه‌واله‌ ده‌بێ به‌شێوه‌یه‌ك نووسرابێت له‌ ( جوداكردنه‌وه‌ و به‌یه‌كه‌وه‌لكاندنی وشه‌كان و خاڵبه‌ندی و ناونیشانی سه‌ره‌كی و ناونیشانی لاوه‌كی و كه‌وانه‌ و بڕگه‌كان و هتد ...) ، به‌ جۆرێك بێژه‌ر پێویستی به‌ ڕاڤه‌ و ڕوونكردنه‌وه‌ی ڕاپۆرتنووسه‌كه‌ نه‌بێت و چۆن نووسراوه‌ ، ئاوها بیخوێنێته‌وه‌.

یان به‌شێوه‌یه‌كی تر، ڕۆژنامه‌نووسێك ڕاپۆرتێكی شیكاری بۆ ڕووداوێك ده‌كات و له‌ ڕۆژنامه‌یه‌ك بڵاوی ده‌كاته‌وه‌ ، لێره‌دا ده‌بێ ئه‌و ڕاپۆرته‌ له‌ ڕووی ڕێنووسه‌وه‌ ئه‌وه‌نده‌ تێر و ته‌واو بێت ، هه‌ر كه‌سێك كه‌ ده‌یخوێنێته‌وه‌ كێشه‌ نه‌یه‌ته‌ ڕێگه‌ی و پێویست به‌ هیچ ڕوونكردنه‌وه‌ و لێكدانه‌وه‌ یه‌كی زمانه‌وانی بۆ شیكردنه‌وه‌كه‌ی نه‌كات ، ده‌نا هه‌رچه‌نده‌ ڕاپۆرتێكی به‌ هێز و ده‌وڵه‌مه‌ند بێت ، ئه‌وا به‌شێكی هێز و ده‌وڵه‌مه‌ندییه‌كی به‌ هۆی خراپی ڕێنووس ، یا ره‌چاو نه‌كردنی مه‌رجه‌كانی ڕێنووس ده‌مرێت .

ڕاسته‌ پێشخستن و ڕاڤه‌كردنی ده‌ستووره‌كانی ڕێنووس ئه‌ركی زمانه‌وان و شاره‌زایانه‌ ، دوكتۆر ئه‌وڕه‌حمانی حاجی مارف، ده‌ڵێت : " ڕێنووس به‌شێكه‌ له‌ زانستی زمان ، هه‌ر وه‌ك چۆن ئه‌تۆم به‌شێكه‌ له‌ فیزیا ... چۆن هه‌ر له‌ زانستێكدا ئه‌ركی دۆزینه‌وه‌ و گه‌شه‌پێدان و چه‌سپاندنی شت له‌ ئه‌ستووی زانایان و پسپۆڕاندایه‌ ، هه‌ر به‌و چه‌شنه‌ ڕێنووسیش كاری زمانه‌وانانه‌ "[2] یا وه‌ك مامۆستا ( مه‌سعوود محه‌مه‌د ) ده‌ڵێ: " ئه‌و كه‌سه‌ی ده‌یه‌وێ خه‌ریكی ئه‌لفوبێ و ڕێنووس بێ له‌ سه‌ریه‌تی شاره‌زای ده‌ستووره‌ بنجییه‌كانی ده‌نگسازی و وشه‌سازی و ڕێزمان به‌ تێكڕایی و هی زمانی خۆی به‌ تایبه‌تی بێ چونكه‌ پیته‌كان یه‌كسه‌ر په‌یوه‌ندییان به‌ ده‌نگه‌كان و خاسیه‌تی هه‌ر یه‌كه‌یانه‌وه‌ هه‌یه‌ تێك به‌ستن ولێك ترازاندنی وشه‌ و ده‌سته‌واژه‌ش پێوه‌ندی به‌ وشه‌سازی و ڕێزمانه‌وه‌ هه‌یه‌ "[3] . به‌ڵام پیاده‌كرن و پابه‌ندبوون پێی و فێربوون و زانینی ئه‌و ده‌ستوورانه‌ ، ئه‌ركی هه‌موو ئه‌وانه‌یه‌ كه‌ ده‌ستیان قه‌له‌م ده‌گرێت و ده‌نووسن و بڵاو ده‌كه‌نه‌وه‌.

هه‌موو نووسه‌ر و میدیاكاران ده‌بی بایی ئه‌وه‌نده‌ شاره‌زای ڕێنووس بن و لانی كه‌م هه‌ڵه‌ی زه‌قی زمانه‌وانی نه‌كه‌ن ، به‌ڵام مه‌رج نییه‌ ڕۆژنامه‌نوسان ببنه‌ زمانه‌وان و شاره‌زای بواری ڕێنووس. كه‌واته‌ ئه‌ركی میدیاكاران له‌بواری

زمانەوانی و دەوڵەمەندکردنی زماندا گرنگەو هەر جۆرێکی ڕاگەیاندنیش تایبەتمەندی خۆی هەیە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا، دروستکردن و نزیك کردنەوەی دیالێکتەکانی زمانێکیش ئەکەوێتە سنوری ئەو ئەرکەوە.
لەگەڵ هەموو هەوڵەکاندا بۆ چاکسازی لە ڕێنوونوسی زمانی کوردی دا لە میدیا و پەروەردە و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا لەسەر ئاستی ڕێزمان و زاراوە و فەرهەنگسازی و زمانی ستاندەردا ، کێشەگەلێکی هەیە کە ڕەنگە بەشێکیان لە دوارۆژێکی نێزیکدا چارەسەرکردنیان جۆرێك بێ لە مەحاڵ ، بۆیە مانەوەی کێشەی ڕێنووس لە پاڵ گرفتگەلی دیکەدا ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات و بەرەو ئاقاری خراپی دەبات."[4] هەروەك چۆن Heinrich Löffler لە بارەی هەوڵدان بۆ نزیك خستنەوەی دیالێکتەکانی زمانێکەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەڕای هەوڵی دەزگا ئەکادیمی و دامەزراوە زانستییەکان، دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە و نزیکخستنەوەیە ."[5]

**تەوەری دووەم/ تۆڕی میدیایی ڕوداو و کاریگەری لەسەر لێکنزیککردنەوەی دیالێکتەکان**

تۆڕی میدیایی ڕووداو بۆچی؟
هەڵبژاردنی دەزگایەك یان کەناڵێکی ڕاگەیاندن لە ئەرك و ماندووبوونی تەلەفزیۆنەکانی تر کەم ناکاتەوە، بێگومان لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە تائێستا چەندین هەوڵی سەرکەوتوی تر هەبووە. لەوانە یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی کە مەد تی ڤی‘ بووە تا ئەگاتە ئەم دەوڵەمەندییەی میدیای کوردی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم دەزگایە واتە تۆڕی میدیایی ڕووداو‘ پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە، هەندێك لەوانە خۆی لە گشتگیری و فراوانی دەزگاکە ئەبینێتەوە، بۆنمونە ئەوەی کە ئێمە زیاتر تیشکی ئەخەینە سەر کەناڵی ڕووداوە، کە کەناڵێکی ئاسمانییە و بە پێشکەوتووترین سیستەمی تەکنیکی کاردەکات و لە سەر ژمارەیەکی زۆر لە مانگی دەستکرد پەخشی بەرنامەکانی دەکات. بەو هۆیەوە بەئاسانترین شێوە لەهەموودونیادا دەبینرێت، بەتایبەت لە سنوری کوردستانی گەورەدا، و بوونی ئەو کەناڵە لە مانگی دەستکردی تورکیادا وایکردووە زۆربەئاسانی لە کوردستانی باکور بەردەستبێت. لە باشورو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش بەهەمان شێوە بەردەستە. کە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بینەرێکی زۆری بۆخۆی بەدەستهێناوە. لەم توێژینەوەیەدا باس لە سپۆنسەر و خاوەندارێتی ئەم دەزگایە ناکەین وە هەروەها باس لە ئەجێندای سیاسەتی کەناڵەکە ناکەین، بەڵکو ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگی پێدراوە پلان و هەوڵی ئەم دەزگایە بۆ بەکارهێنانی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردییە وە کارکردنێتی لەم بوارەدا بەمەبەستی تێگەشتنی جەماوەر لە نزیکخستنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی.

---

[1] - مةسعوود محةمةد (2011) **زمان و رِيَنووسي كوردي** ، دةزطاى ضاث و بلاَوكردنةوةى ئاراس، هةولَيَر.
[2]- د. ئةورِةحمانى حاجى مارف (1986) هةمان سةضاوةى ثيَشوو.
[3] - مةسعوود محةمةد (2011) هةمان سةرضاوةى ثيَشوو.
[4]- مةسعوود محةمةد (1978) بةرةو رِاستةشةقامى ئاخاوتنى كوردى ، لة ضاثكراوةكانى كؤرِى زانيارى كورد ، ضاثخانةى كؤرِى زانيارى كورد ، بةغدا.

[5] - Heinrich Löffler (2006) **DIALEKT UND STANDARD IM MEDIENZEI TAL TER,** Mannheim, p16

تۆڕی میدیایی ڕووداو چی یە؟

(تۆڕی میدیایی رووداو) گرووپێکی میدیایی سەربەخۆی کوردیی ئازادە، لە بوارەکانی میدیای بیندراو و بیستراو (بەشێوەی کاخەز و دەنگ و رەنگ و ئەلەکترۆنی) بەرهەمەکانی پێشکەشی خەڵك دەکات. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە دامەزراوە تۆڕی میدیایی ڕووداو وەرگیراوە، ئەم تۆڕە کۆمپانیایەکی قازانجویستە، بەڵام گەیاندنی زانیاریی راست و بەشداریکردن لە چەسپاندنی پایەکانی ئازادیی رادەربڕین بە گرنگتر دەزانێ لە دەستخستنی قازانجی مادی. هەروەها لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بەرهەمەکانیدا خۆی بە سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراوەوە نابەستێتەوە و دیدێکی جیهانییانەی هەیە بۆ کارکردن.

ستراتیژی تۆڕی میدیایی ڕووداو:

تۆڕی میدیایی رووداو دەیەوێ بەرهەمە مێدیاییەکانی بگەنە زۆرترین ژمارەی خەڵك. هەروەها دەیەوێت گرووپی نوێش بدۆزێتەوە کە تا ئێستا میدیا کوردییەکان نەیاندۆزیوەتەوە و نەیگەیشتوونەتێ. چونکە چەندە ژمارەی بەکارهێنەرانی بەرهەمە میدیاییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو زۆرتربن، چانسی پەرەپێدان و باشترکردنی بەرهەمەکانیشی روو لە زیادبوون دەکەن. ئەویش لەڕێگەی وەرگرتنی رێکلامی زۆرتر و دۆزینەوەی سپۆنسەر و سەرچاوەی داهاتی بەهێزتر.

بۆ تۆڕی میدیایی رووداویش فەلسەفەی کارکردن وەك گرووپێکی میدیایی لەوەدایە کە بەو هۆیەوە زۆرترین گرووپی بەکارهێنەرانی جیاواز سوود لە فرەچەشنیی بەرهەمەکانی وەرگرن.

بۆ وەدیهێنانی ئەم ستراتیژە و گەیشتن بەو ژمارە فراوانەی بەکارهێنەران تۆڕی میدیایی رووداو دەیەوێ تەنیا کار لەسەر فرەچەشنیی بەرهەمەکانی نەکات، بەڵکو پێی گرنگە لەڕووی چۆنایەتیشەوە بەرهەمەکانی لە ریزی پێشەوەدا بن و بە بەراورد لەگەڵ میدیا کوردییەکانی دیکەدا هەمیشە لە پلەی یەکەمیندا بمێنێت. ئەمەش کاریگەریی لەسەر وەدەستهێنانی متمانەی زۆرتری بەکارهێنەران دەبێ و ئاستی بەکارهێنانیش بەرزتر دەکاتەوە.

جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە بەپێی میکانیزمێك دەبێت کە ستافی تۆڕی میدیایی رووداو دایدەرێژێ و پلانی جێبەجێکردنی بۆ دادەنێت.

بنەماکانی کارکردن لە تۆڕی میدیایی ڕووداو:

- تۆڕی میدیایی رووداو لە بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیدا خۆی بە پابەند دەزانێ بەو بنەما پیشەییانەی بۆ کاری رۆژنامەنووسی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون. پاراستنی ئەتەکێتی رۆژنامەنووسی مەرجی سەرەکیی هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکە لەلایەن تۆڕی میدیایی رووداوەوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی.

- هەروەها لەڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتیشەوە تۆڕی میدیایی رووداو بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە بەشداربێت لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و نەریتە زیانگەیەنەکان بە کۆمەڵگەی کوردستان.

- تۆڕی میدیایی رووداو بە ئەرکی خۆیشی دەزانێت کە داکۆکی لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادیی بیرکردنەوە و رادەربڕین لە کۆمەڵگەی کوردی و لە هەموو جیهاندا بکات.

- تۆڕی میدیایی رووداو لەڕووی سیاسییەوە خۆی بە بێلایەن دەزانێ، بەڵام هاوکات بە گرنگی دەزانێ کە بەرهەمەکانی لەخزمەت گەشەپێدانی ئەزموونی باشووری کوردستان و وەدیهێنانی چارەسەری گونجاو و یەکجارەکی بۆ دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بێت.

- تۆڕی میدیایی رووداو دەیەوێ ببێتە پردێك و هەوڵی پێکەوەبەستنەوەی کوردانی سەرتاسەری جیهان بە یەکترەوە دەدات. بۆیەش بایەخێکی تایبەت بە کوردانی تاراوگەنشین دەدات و بەرهەمی گونجاو لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانی ئەواندا بەرهەم دێنێت. هانیشیان دەدات کە، سەرەڕای پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان، باشتر خۆیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانەدا بگونجێنن کە تێیاندا دەژین.

- هەروەها بایەخێکی تایبەتیش بە بەرهەمهێنان بە زمانی ئینگلیزی دەدات، ئەویش بەو مەبەستەی کە جیهان زانیاریی رۆژنامەوانییانەی دروستتری لەبارەی پرسەکانی تایبەت بە کورد و کوردستانەوە هەبێت.

- تۆڕی میدیایی رووداو هەوڵ دەدات تا بۆی بکرێت بەشداربێت لە پاراستن و پاقژڕاگرتنی ژینگەدا. بۆیەش هەمیشە لەکاتی بەرهەمهێناندا رەچاوی مەرجەکانی پارێزگاریکردن لە ژینگە دەکات و هەوڵ دەدات ئەو کەرەستانە بەکاربێنێت کە ژینگەدۆستن

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ڕاستەو خۆ لە دیمانەیەکی تایبەت بەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە لەگەڵ بەریوەبەری گشتی تۆڕی میدیایی ڕوداوو (ئاکو محمد علی )"[1] کۆمەڵێك زانیاری پێویست ئەخرێتە ڕوو کە گرنگە جەماوەری تایبەتی ئەو کەناڵە ئاگاداربین.

سەرەتای دروست بوونی ئەو دامەزراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2008 ، هەروەکو بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی تۆڕی میدیایی ڕوداو ئەڵێت" ئێمە لە 2008 ئیجازەمان وەرگرت وەکو کۆمپانیایەکی کاری میدیایی و هەروەها لە 4/5 ژمارە 0ی (سفری) روداومان دەرکرد وەکو هەفتەنامەی روداوو دواتر هەر ئەوکاتەی دەسمان بە بڵاوکردەنەوەی ئەلیکترونی کرد واتە سایتەکەی روداوو بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی و هەروەها بە ئینکلیزی ئەو کاتە بەشێکی هوڵەندیشمان هەبوو دوای ساڵێك ئەوە داخرا بەڵام وەکو پەخشی تەلەڤزیون و رادیو 29-5-2013 دەسمان پێ کرد ".

[1]- ئاكو محمد علي، بةرِيَوةبةرى تؤرِى ميديايي رِووداو، لة ديمانةيةكى تايبةت بةم تويَذينةوةية دا، كة تؤمارةكةى ثاريَزراوة.

ئەو بەشانەی کە تۆڕی میدیایی ڕوداووی لێپێکهاتووە ئەمانەن:

ڕادیۆ‘ کەئەمەش دوو ڕادیۆی تاڕادەیەك تایبەتمەندن، لەبەرئەوەی پێکهاتووە لە رادیوی هەواڵ و رادیۆی میوزیك .

رادیوی هەواڵ: 60% لە بەرنامەکانی بەرهەمی خۆیەتی و 40% لە تەلەڤزیون وەریدەگری ، بەرنامەی هەواڵی وبەرنامەی شۆڤر کردن تیدا هەیە . رادیوی میوزیکیش تایبەتە بە بەرنامەی هونەری لەگەڵ میوزیك و گورانی .

ئەم دوو ڕادیۆیە پەخشەکانیان جگە لەمانگی دەستکرد ئەتوانرێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە گوێی لێبگیرێت، لەگەڵ بوونی پەخشی ناوخۆیی لەسەر شەپۆلی FM.

کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕووداو تەلەفزیونیکی ئاسمانییە و لەسەر مانگی دەستکرد پەخشی بەرنامەکانی دەکات، تەلەفزیۆنی ڕووداو هەواڵ لە هەموو جیهانەوە بە زمانی کوردی بڵاو دەکاتەوە، هەروەها بەپێی وتەکانی بەڕێوەبەری ڕیگەپێدراوی کەناڵی ڕوداوو، لە هەموو پارجەکانی کوردستان تەرکیزخراوەتە سەر کورد و پارچەکانی کوردستان و دواتریش هەواڵی ناوچەی جیهانی .

هەروەها دامەزراوەی تۆڕی میدیایی ڕووداو خاوەنی پۆرتاڵی خۆیەتی و بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەری ڕیگەپێدراوی دامەزراوەی ڕووداو " ئیستا ژمارەیەکە لە عیراق" دا

لەگەڵ پۆرتاڵەکە شدا لەڕێگەی پێگەی دامزراوەکەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وە ( فیسبوك و تویتر و ئەنستگرام ویوتیوب ) بەردەوامە لە ئاگادارکردنەوەی جەماوەرەکەی لە هەواڵ و بابەتەنوێکان .

ئەم پۆرتاڵەش لە چەند بەشێك پیکهاتووە کە جگە لە بەشی کوردییەکەی ، کە پێکهاتووە لە هەردو زاراوەی (کرمانجی و سۆرانی) چەند زمانێکی تریش لەخۆ دەگرێت وەك ( ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی ).

لەلایەکی تریشەوە بەشی چاپکراوەکان رۆژنامەی ڕووداو دەردەکات، کە رۆژنامەیەکی حەفتانەیە هەموو رۆژانی دووشەممە دەردەچی تا ئیستاش لە رووی فروشەوە یەکەمینە . لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەیەکی وەرزشی دەردەکات کە ڕۆژانی سێ شەممەی هەموو هەفتەیەك دەردەچی ڕووداوی وەرزشی تیدایە و بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەری ڕیگەپێدراوی دامەزراوەی ڕووداو لەکوردستاندا یەکەمینە، کە تێراژەکەی ئیستا 8000 دانەیە ، لەکاتێدا تیراژی ڕۆژنامە سیاسیکە لەوە کەمترە .

رۆژنامەکە تەنها لە کوردستان دابەش دەکریت، لەکاتێکدا لەسەرەتای دەرچوونی رۆژنامەی ڕووداودا لە ئوروپاش چاپی هەبوو ، کە سەرەتا لەساڵی 2010 چاپی ئەوروپای ڕۆژنامەکە لە ئەڵمانیاوە دەستی پێکرد ، بە پێی وتەی ئاکو محمد علی، بەڕێوەبەری تۆڕی میدیایی ڕووداو ‘ لە ساڵی 2013 بەهۆی ڕێگری PKK "[1] لە ئەوروپاو دواتریش لە باکووری کۆردستان چاپی دەرەوەی ڕۆژنامەی ڕووداو وەستێنرا .

هەروەها کەناڵی ڕووداو خشتەیەکی کارکردنی هەواڵی هەیە، زۆرترین گرنگی بە هەواڵدەدرێت پاشان بەرنامەی تایبەت بە هەواڵ هەیە، هەموو شەوێك جگە لە شەوی هەینی و شەممە ئەویش رووداوی ئەمروو شرۆڤەی هەواڵەکانی رۆژ دەکات کە ماوەی سەعاتێکە ، ئەوانەی دیکە دەکەونە چوار چێوەی گفتگوکردن لەگەڵ چوار چیوەی زانیاری.

هەروەها کەناڵی ڕووداو خاوەنی بەرنامەیەکی دینییە، بەمەبەستی ئاشناکردنی دینەکان بەیەکتر ، وە خەڵك ئاشنای یەکتر ببن و ئەو دینانە بزانین لیکچوونەکانیان چییە و چۆن لە کوردستان ئەو دینە جیاوازانە پێکەوە هەڵکرتن و پێکەوە ژیان هەیە وە ئەنجامەکەی چییە، لە ئەو لێبوردەییە دەکۆڵێتەوە کە لە کوردستان هەیە، چۆن دەتوانت برەوی پێبدرێت و بەردەوام بیت. لەسەر ئەو نیگایە کە خەڵکی کوردستان شارەزای ڕێساو نەرستەئاینییەکان بێت، کە لای مسیحی چۆنە ، لای ئێزیدی جۆنە ... و یان لای موسلمان چۆنە لای کاکەیی چۆنە ، بۆ هەموو ئەو دینانەی لە کوردستان بونیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە دامەزراوەی ڕووداو بەشێوەیەکی گشتی دوو شیوەزار سەرەکی کە بەکار دەهێنن کرمانجی سەروو و خواروو‘ ئەوەی پێ دەڵین بۆتانی و سۆرانی، بەشێوەیەکی گشتی گەشتەگانی هەواڵ وەکو یەکن، واتە ژمارەی گەشتەکانی کرمانجی یەکسانە بە ژمارەی گەشتەکانی بە سۆرانی هەیە . بەڵام لە بەرنامەکاندا سۆرانی زیاترە بەپیچی وتەی بەرپرسی تۆڕی میدیایی ڕووداو، لە هەوڵی ئەوەدان کە بتوانرێت بالانسی پێ ڕابگرن . لەکاتێکدا هەندێك بەرنامەی VT هەیە شێوەزاری زازا ( کە هەندێك جار هەیە ) .

هەر لە کەناڵی ڕووداودا جگە لە دونەشرەی خەبەری کە یەکێکیان کاتژمێر 7:00 بۆ ڕۆژئاوای کوردستانەو ئەویتریشیان ، 6:30 نشرەیەك هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کاتەکانی دیکەش لە هەموو نشرەیەکی دا خەبەریك بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە .

ئێوە چوون دیالێکتەکان بەکاردێنن واتە تێکەلی دەکەن یاخود هەر دیالێکتێك بە چیا پەرەی پێدەدەن واتە شێوازەکانی بەکارهێنانی دیالێکتەکان چوونن ؟

هەروەها بەڕێوەبەری کەناڵی ڕوداو ئەماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەوانەیە ئەوان تاکە دەزگا بن کە ستایل بوکی تایبەت بە بەکارهێنانی شێوەزارەکانیان هەیە ( دوو شێوەزار ) لە ناوخۆدا، ئەو ڕێنووسەی کە چۆن بەکاردەهێنرێت، واتە شیوەزارەکە بە چ شیوەیەك بەکار دەهینریت ، بەپێی ستایل بوك بۆ هەردوو زاراوەکە هەیە بۆ کرمانجی و سۆرانی

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکارمەندانەی لەو کەناڵەدا ئیشی نووسین دەکەن و ئەوە دەخوییننەوە کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی کەناڵەکە و پێیان دەڵین کە بەپێی یاسا و ڕێساکان کاردەکەن ، ئەوانەش لەلایەن زمانزانی نووسراون و سەرپەرشتیار کراون.

هەروەها بە پێی بۆچونی بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە سەبارەت بە تیکەڵ کردنی زمان پێی وایەن کە لە لایەن ئەو کەناڵەوە ناتوانن تێکەڵ کردنی زمان بکەن ئەڵێت " ئەوە ئیشی ئێمە نییە" ، بەڵکو ئیشی ئەکادیمیای کوردییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەستەواژە و زاراوە هەیەلە هەندێك لە دیالیکتەکاندا نیە، هەر لەڕێگەی کەناڵی ڕوداوەوە بۆ دیالیکتەکی تر زیاد دەکرێت وەکو ڕۆژەر

( حدپ الساعە) کە لە سۆرانی دا نییە و لە کرمانجی دا هەیە. بەم شێوەیە ئەبێتە وشەیەکی بەکارهێنراو لە نێو جەماوەری تۆڕی میدیایی ڕووداو‘ و بە پێی کات ئەگوازرێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگا.

تۆڕی میدیایی ڕوداو زمانیکی ستاندارد دروست ناکەن . نزیك کردنەوەی زمان لە گەشتێکی هەواڵ دا پەیامێکی هەبوو لە دیار بکر ، پەیامێك لە قامشلی ، پەیامێکی هەبوو لە مهاباد ، پەیامێکی تری هەبوو لە هەولیر بۆ خۆیان سروشتی لە یەکتر نزیك دەبن .

---

[1] - PKK ثارتی کریَکارانی کوردستان، طةورةترین ثارتی کوردیية لة کوردستانی باکور لة 1978 November 27th لةلايةن عبدولأئؤجةلانةوة دامةزرا، برِوانة: http://www.pkkonline.com/en/index.php?sys=article&artID=175 دواین سةردان2015/5/6

ئیستا ئەوەنەی کە خەڵك بە هوی ڕووداوەوە پارچەکانی کوردستان دەناسن لەکاتێدا بە درێژایی تەمەنی میدیای تەلەڤزیونی کوردی بەشەکانی کوردستانی نەناسیوە . بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر نزیك کردنەوە نوسراوی خەڵك هەیە، هەروەها بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە پێی وایە "بەهەمان شێوەی نزیك کردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، دەرکەوتوانی سەر شاشە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان ناسراون" بۆنمونە وەکو شاهۆ ئەمین‘ لە باتمانیش خەڵك

دەیناسن،هەروەها دل بە خوێن‘ کە خەڵك لە هەولیر و سلیمانی دەیناسن واتە بەهۆی کەناڵی ڕوداوەوە لە سەرئاستی کوردستانی گەورە ناسراون، ئەمەش مانای وایە تۆڕی میدیایی ڕووداو وای لەخەڵکی کوردستان کردووە کە ئاشنایەتیان بە یەکتر زیادبێت لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان. یەکێکی تر لە کاریگەرییە بەهێزەکانی گشتگیرییە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاگەیاندنکارانەی کە لە تۆڕی میدیایی ڕووداودا کاردەکەن بەتایبەتدەرکەوتوان‘ لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هاتوون، بەشێوەیەکی گشتیش یەکێك لە مەرجەکانی پێشوەخت بۆ وەرگرتن لە تۆڕی میدیایی ڕووداو "شارەزایی زمانەوانی و زانینی زمانی جیاوازە".

هەروەها سەبارەت بە روماڵی تەواوی کوردستان لە لایەن تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە، بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو ئاماژەبەوەدەکات ، کە وەك تۆڕێکی نیشتمانی ڕوماڵی باشورو و ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان دەکات، بەڵام لە ڕۆژئاوا ڕوبەڕوی ڕێگری بونەتەوە.

لەلایەکی ترەوە بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەری تۆڕی میدیایی ڕووداو هیچ داتایەکیان لەبەردەست نییە بۆ سەلماندنی سودمەندی خەڵك لە فرە دیالێکتی، بەڵام بە پێی پەیوەندی کردنی هەندێك لەخەڵکانی جەماوەری تۆڕی میدیایی ڕووداو، ئاماژە بەوە دەکەن کەئێستا تێگەشتنیان لە دیالێکتەکانی تر جیاوازی زۆرە بەبەراورد لەگەڵ سەرەتای کردنەوەی ئەو تۆڕە، بەڕادەیەك جیاوازی هەیە کە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری چاوەڕێی کاتژمێرەکانی دیالێکتەکەی خۆیان ناکەن، واتە لەبەر تێگەشتنیان بەئاسانی جیاوازی لەنێوان شێوەزارەکاندا ناکەن، هەندێك جار بەشداریکردنیشیان دەبێت لە بەرنامەیەکی جیاواز لە دیالێکتەکەی خۆی.

سەبارەت بە بەکارهێنانی تێکەڵییەکی ڕێنووس، بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کەناڵی ڕووداو باس لەوەدەکات، کە بەهەردوو شێوازی نووسینی کوردی دەنووسن، کە هەندێك جار هەواڵێکی دیاربەکر بە شێوەی پیتی عەرەبی و لاتینی دەنووسن، وە بەپێچەوانەشەوە هەواڵێکی تایبەت بە سلێمانی بەهەردوو شێوەکە دەنووسن، بەمەش دیسانەوە لێکتێگەشتن لە شێوازی نوسینی شێوەزارەکاندا زۆردەبێت. بەمەش پانتایی جەماوەری تۆڕی میدیایی ڕووداو فراوانتر دەبێت. وە بەدووریش دەبن لە سەپاندنی دیالێکتێکی دیاریکراو و گشتاندنی بەسەر جەماوەری دەزگاکەدا. هەروەها بەپێی زانیارییەکان، تۆڕی میدیایی ڕووداو ئەوسیاسەتی زمانەوانییەی کەبەکاری دەهێنێت کاریگەری زۆری دەبێت لە گەشەدان بە زمانی کوردی، چونکە لە هەرکوێیەکی ئەم دنیایەبیت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کە تا ڕادەیەکی کەمیش پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، دەتوانیت لە تۆڕی میدیایی رووداوەوە بەدەستی بهێنیت و پشت بە سەرچاوە دەرەکییەکان نەبەستیت.

بەپێی زانیارییەکان ئێستا بەهۆی نەبوونی کێبڕکێ لە باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆڕی میدیایی ڕووداو بەتایبەت کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕووداو‘ پێشەنگ و بێڕکابەرە، لە باشوریش کەناڵی تەلەڤزیۆنی هەیە ئەیەوێت کێبڕکێ بکات. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەڕای باشی و سەرکەوتویی سیاسەتی کارکردن، خاوەنی کوالێتیکی بەرز و تەکنیکێکی بەهێزە، بەڕادەیەك یەکەم کەناڵی هەواڵی کوردییە کە بە سیستمی HD کاری کردبێت.

بەمەش بینەری کوردی لە دنیادا لە کەناڵە بیانییەکانەوە هێنایەوە بۆ بەردەمی شاشە کوردییەکان. تۆڕی میدیایی ڕووداویش مەبەستێتی کە ڕادەی لێکتێگەشتنی بینەری کوردی زیاد بکات و بەشێوەیەکی سەرتاسەری لە کوردستاندا بیانگەڕێنێتەوە بۆ نێو میدیای کوردی.

## فۆرمی راپرسی (هەڵسەنگاندن)

فۆرمی راپرسیەکە بە دوو شیواز دابەشکراوە لە سەر هاوڵاتیانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان گەورە کە مەبەستمانە بە شیوازی مانوال و شیوازی ئەلیکترونی و بە دیالێکتی کرمانجی سەروو دابەشکراوە بە پیتی لاتینی لە باکۆری کوردستان و بەشێکی بچووك لە کوردستانی رۆژئاوا و بە دیالێکتی (کرمانجی خواروو) سۆرانی دابەشکراوە لە کوردستانی باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان و بە دیالێکتی کرمانجی سەروو ئەلف و بی ئارامی (عەرەبی) دابەشکراوە لەو شارانەی کوردستان کە ئەلف و بێی ئارامی (عەرەبی) بەکار ئەهێنن .

لە کوردستانی باشوور کە شوینی کەیسەکەیە ئەوەیش تۆری میدیای روداووە بە مانوال دابەشکراوە لە سەرجەم شار و شارۆچکە گرنگەکان و چەند گوندێکیش ئەوانەی کە دورە دەست بوونە بە ئەلکترونی رەوانە کراون و وەڵامیش دراونەتەوە و سەبارەت بە هەر سێ پارچەکەی ترێش واتە کوردستانی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە ئەلکترۆنی واتە بە ئیمیل روشتووە و وەڵامیش درانەوەتەوە کە بۆ یەکەم جارە لێکولینەوەیەکی زانستی لە بواری زمانی کوردی بکرێت لە باشووری کوردستان کە پشت ببستێت بە جیهانگیری ئیمیل و پرسیارەکان بە ئیمیل رەوانە دەکرێت و لە پاش پرکردنەوەی لە لایەن کەسەکە خاڵی ناردن هەیە کە یەکسەر وەڵامەکە دەگەیەنێتە لێکۆلەر بە چەند چرکەیەك .

خاڵەکانی (پرسیارەکانی) ئەم راپرسیە هەڵسەنگینران و سەرپەرشتی کران لایەن کۆمەلێکی زۆر لە مامۆستای شارەزا لە بواری راگەیاندن و بواری زمانی کوردی و خاڵ بە خاڵ چاککران و دەسکاری کرا بۆ ئەوەی جەخت بکەینەوە لە سەر

راستی ئامیری لێکۆلینەوەکە (Validity) بگاتە باشترین حاڵەتەکانی تەواوبوون  بە ڕێژەیەکی بەر چاو چونکە ئەو مامۆستا و دکتۆرانەی  ئەو راپرسیەیان هەڵسەنگاندوە و ڕێکیان خستووە لە ڕیزی پێشەوەی شارەزایین لە بوارەکانی زانستەکانی راگەیاندن و زمانی کوردی کە هەموویان لە شوینی جیا جیا کار دەکەن و زانست و زانیاری دەبەخشن کە بریتین لە هەر یەکە لە :

1- پ.ی.د. رفیق سلیمان (زانکۆی ماردین / بەشی زمانی کوردی )

2- پ.د. وریا عمر امین (کوری زانیاری کورد) .

3- د. رحيم مزيد الكعبى ( زانکۆی جیهان / کۆلێژی ئاداب و هونەر / سەرۆکی بەشی راگەیاندن).

4- پ.د. رەزوان خدر علی (زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی ئەدەبیات / سەرۆکی بەشی راگەیاندن ).

5- د. گوران سۆران فەیزی(زانکۆی  سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی/سەرۆکی بەشی زمانی کوردی).

6- د. عماد رفعت مدحت ( زانکۆی جیهان / کۆلێژی ئاداب و هونەر / سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی ).

7- پ.د. غالب حسين علی ( زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی).

8- پ.ی. د. مغدید خدر سەپان ( زانکۆی  سەلاحەدین / کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی راگەیاندن).

9- پ.ی.د. حەبیب کەرکوکی ( زانکۆی  سەلاحەدین / کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی راگەیاندن).

10- م.ی. کەیوان أحمد علی( زانکۆی سلیمانی / کۆلێژی ئەدەبیات / بەشی راگەیاندن).

11- م.ی . علی کریم محمد نوری ( زانکۆی جیهان / کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان / بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و دبلۆماسییەکان).

12- م.ی.هاوژین عمرمحمد(زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی ئەدەبیات/بەشی زمانی عەرەبی).

13- م.ی. ئەکرەم فەریدون حمە امین (زانکۆی  سەلاحەدین / کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی راگەیاندن).

14- م.ی .سالار دلاوەر حویز (زانکۆی جیهان / کۆلێژی ئاداب و هونەر / بەشی راگەیاندن).

15- م.ی. لانە شیروان انور (زانکۆی  پۆلیتەکنیکی هەولێر / پەیمانگای تەکنیکی هەولێر / بەشی راگەیاندن)

16-بەرێز ابراهيم احمد علی  ( شارەزا لە بواری راگەیاندن ) ( نووسەر و رۆژنامەنووس).

17- بەرێز حامد محمد علی ( شارەزا لە بواری راگەیاندن ) ( نووسەر و رۆژنامەنووس ) .

پاشان تاقیکردنەوەی جێگیربوون (Reliability) ئەنجام درا بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەنجامەکان جێگیرن لە رێگەی شێوازی دووبارە ئەنجامدانی راپرسیەکە (Test-Retest)  لە پاش تێپەربوونی دوو هەفتە بە سەر ئەنجامدانی راپرسی یەکەم بۆ هەمان ئەو کەسانەی کە یەکەم جار وەڵامی راپرسیەکەیان دایەوە پاشان تێکرای جێگیربوون ئەنجام درا لە نێوان هەردوو وەڵامەکان ئەمەش بە بەکارهێنانی معادەلەی جوتمان  (1)  بۆ ئەژمارکردنی ئەنجامی جێگیربوون بە پێ ئەم معادەلەی خوارەوە :

ن ² أ + ن ²ب

ئەنجامي جيَطيربوون = 2  1-  ---------------------------  [

ن ² أ  ب

ن ² أ  ب

ن أ   توان دووی لادانکانی ئەنجامدانی راپرسی یەکەم جارە .

ن ب  توان دووی لادانکانی ئەنجامدانی راپرسی دوبارەکراوە لە پاش تێپەربوونی دووە هەفتەیە بە سەر راپرسی یەکەم .

ن أ ب توان دووی لادانەکانی ئەنجامی هەردوو راپرسیەکەیە .

ئەنجامی جێگیربوونی ئەنجامی راپرسیەکە  لە (88%) دەرچوو کە ئەمەش رێژەیەکی بەرزە و ئاماژەیەکە لە سەر جێگیربوونی ئەنجامەکانی راپرسیەکە هەرچەندە کاتی تێپەرێت بەسەریدا .

فۆرمی راپرسی (هەڵسەنگاندن)

ب /  رۆلی ڕاگەیاندن لە نزیك کردنەوەی دیالیکتە کوردیەکان ( نموونە تۆری میدیای رووداو)

میللەتێك کە زمانی یەکگرتووی نیە تاوەکو ئێستا ؟ میللەتی کورد

بۆ ئەوەی ببینە خاوەن زمانێکی کوردی ستاندارد وەك هەموو میللەتانی جیهان کە تا ئێستا تاکە

میللەتین کە زمانێکی ستاندارددمان نیە کە هەمووومان لە یەك تێبگەین بۆیە تکایە ئەم فۆرمە پر بکەنەوە .

سڵاو و رێز...
ئەم فۆرمەی لەبەردەستی بەرێزتان دایە بەشێکە توێژینەوەیك بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە نزیك كردنەوەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی " نموونە تۆری میدیایی ڕووداو ") ، وەڵامدانەوەی بەرێزت دەبێتە بنەمایەکی باش بۆ دەرخستنی كاریگەری راگەیاندن بە گشتی و كەناڵە ئاسمانیەكان بەتایبەتی لەسەر دیالێكتەكانی زمانی كوردی لە هەرچوار پارچەی كوردستان، بەهیوای ئەوەی بەراست و روونی وەڵامی برگە بەبرگەی ئەم راپرسی یە بدەیتەوە بۆ ئەوەی بتوانین رێگا پێشاندەرێك بین بۆ نزیك كردنەوەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی لەیەكتر و دروستبوونی زمانی ستانداردی كوردی .
بەپێی ئەم داواكارییە لەو هاوڵاتیانەی كورد كەبەشدار بوون لە وەڵامدانەوەی ئەم ڕاپرسییە توانیمان ئەم زانیاریانە بەدەستبهێنین

## تــــــەوەری یـــەكــــەم: زانــیـــاری گــشــتی

1- رەگەز :
- نێر - مێ




فیكەری ژمارە 1

دیارە بە پێ رێژەی بەشداربوون كە هەموو ئەندامانی كۆمەڵگای كوردی بەشداریان كردووە لە پیاو و ئافرەت هەر بۆیە دەكرێت بڵێن هەردوو رەگەز بەشداریان كردووە، بەرێژەی جیاواز كە دەردەكوێت زیاتر پیاوان لەو بوارەدا كە تۆڕی میدیایی ڕووداو كاری تێدادەكات سەرقاڵن، لەكاتێكدا جیاوازییەكە زۆر نییە ، كەواتە ئەتوانین بڵێین لە كوردستاندا هەردوو ڕەگەز بە نزیكیی یەكتر جەماوەری كەناڵە تەلەفزیۆنییە تایبەتەكان.

2- تەمەن - 18-35 - 35-60 - 60-90




فیكەری ژمارە 2

بەوپێیەی لە هەر كۆمەڵگایەك چینێكی چالاك هەن، بەشدارن لە زۆربەی كایە كۆمەڵایەتییەكاندا، لە كوردستانیش دا چینی گەنجان كە دەكەوێتە نێوان 18 – 35 ساڵی بە شدارن لە چالاكییە كۆمەڵایەتییەكاندا، كەواتە ئەوش بەرای من كەنجانی ئێستا زیاتر تێكەڵی یەكتر بوون بە هۆی جیهان گیریەوە وە بەهۆی پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیا لە سەردەمی پێگەشتنی ئەم چینەدا هەر بۆیەش خاوەنی بەرزترین پلەی چالاكی كۆمەڵایەتین لە كۆمەڵگادا.

3 - ئاستی خوێندن

- دەرچووی سەرەتایی
- دەرچووی ناوەندی و دواناوەندی
- دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا
- ماستەر
- دکتۆرا




فیکەری ژمارە 3

ئەگەر لەم ئەنجامە وردبینەوە دەبینین لە هەموو ئاستەکانی پلەی خوێندەواری بەشداربوون لە وەها ڕاپرسییەکدا، هەر ئاستەو بەرێژەی جیاواز.

-4 باری ئابووری

-باش - مامناوەند - خراپ




فیکەری ژمارە 4

ئەم ئەنجامەش ئەوەمان نیشاندەدات کە هاوڵاتیان لە ئاستی ئابوری مامناوەند و باش زیاتر هۆگری بینینی کەناڵە ڕاگەیاندنەکانن، باشبونی باری بژێویش زیاتر پەرە بە بەشداریکردنی جەماوەر دەدات تا بەدوای زانیاری و فێربوون دا بگەڕێن .

-5 پیشە

- کاری ئازاد
- فەرمانبەر و مامۆستا
- قوتابی




- بێکار

دیسانەوە بەپێی نزیکی ئەنجامەکان تا ڕادەیەك ، ئەتوانین بڵێن پیشە جیاوازەکان ڕێگرنین لەوەی جەماوەر تا چ ڕادەیەك بەشدارن لە بەدەستهێنانی بەرهەمەکۆمەڵایەتییەکاندا.

6- شوێنی نیشتەجێ بوون : - شار - شارۆچکە و ناحیە - گوند




فیکەری ژمارە 6

ئەوەی جێگەی گرنگییە بەردەوام لە شارەکاندا گەڕان بەشداری جەماوەر لە چالاکی و بەدەستهێنانی زانیاری نوێدا لە پێشی شارۆچکەو گوندەکانەوەیە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەچونکە لە شارەکان زیاتر تەکنەلۆجیا و ئەنتەرنێت و جیهانگیری ڕەنگی داوەتەوە بۆیە دەبینین کە بەشداربووان لە سەنتەری شارەکاندا زیاتر بوون .

7- باری کۆمەڵایەتی

- سەڵت - خێزاندار




فیکەری ژمارە 7

دیارە سەڵت بوون وەك هەر یەك لە نەتەوەکانی دیکە کاتی زیاتر ئەبەخشێت بە هاوڵاتیان زیاتر ئاگای لە دونیای دەروە بێت و زیاتر گرنگی بدات چونکە ڕەنگە بەرپسیارێتی کەمبێت و کاتی زیاتری بە دەستەوە بێت .

## تەوەری دووەم: کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر دیالێکتەکانی




فیکەری ژمارە 8

- خەڵکی کام پارچەی کوردستانیت ؟

- باكووری كوردستان - باشووری كوردستان - رۆژهەڵاتی كوردستان - رۆژئاوای كوردستان

سەرەرای جیاوازی لە ژمارەی دانیشتوانی پارچەكانی كوردستان، كەچی رێژەی بەشداریكردن تاڕادەیەك نزیكن،لەگەڵ ئەوشدا ئێمە مەبەستمان گەلی كورد بووە لە هەر چوار پارچەی كوردستانی گەورە بۆیە رێژەی بەشداربووان لە هەموو پارچەكان لە یەك نزیكن بۆیە دەكرێت بلێن ئەم زانیاریانە گشتگیر بووە .

9- بە چ دیالێكتیكی كوردی قسە دەكەیت؟

- كرمانجی سەروو - كرمانجی خواروو (سۆرانی) - لۆری - گۆران و زازا




فیكەری ژمارە 9

دیارە كە زۆربەی میللەتی كورد بە دیالێكتی كرمانجی سەرو دئاخڤێت لە پاش ئەویش كرمانجی خواروو ( سۆرانی) دێت . كە هەردووكیان بە یەكەوە زۆربەی هەرە زۆری میللەتی كورد پێك دەهێنن.

10- ئایا تەماشای كەناڵە ئاسمانیە كوردیەكان دەكەیت؟

- بەلێ - كەم - نەخێر




فیكەری ژمارە 10

جێگەی گرنگییە رێژەیەكی بەرچاو سودمەندن لە وەرگرتنی زانیارییەكانیان لە رێگەی كەناڵە كوردییەكانەوەیە، واتە 71% بەشدار بوانی ئەم راپرسییە بینەری كەناڵە كوردییەكانن ئەممەش رێژەیەكی باشن .فراوانبوونی بواری راگەیاندن و پێویستی هاوڵاتیان بە هەواڵ و زانیاری خێرا زۆر تەماشای كەناڵی ئاسمانی بكەن .

11- ئایا زیاتر سەیری كام كەناڵی ئاسمانی كوردی دەكەیت؟

- روداو - NRT - كوردستان TV - سپیدە

- كوردسات - زاگروس - گەلی كوردستان - كەناڵیكی تر




فیکەری ژمارە 11

دیارە کە هەموو کەناڵەکان بینەریان هەیە بەڵام باڵاکشانی روداوو بە ئاشکەرا دیار و روونە کە هاوڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە رێژەکەی بەرچاو تەماشای دەکەن و چاوەری هەواڵ و زانیاریەکانی دەکەن بە رای من زۆری پەیامنێر لە هەموو شارە گرنگەکانی کوردستانی گەورە و زۆری بەرنامە راستەوخۆکانی لە سەر بابەتە گرنگە هەنووکەییەکان ئەم رێژە زۆرەی بینەری بە کەناڵی رووداو بەخشییێت .هەروەك چۆن لەسەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بە فراوانی و توانا ماددی و مرۆییەکانی تۆری میدیایی ڕووداو کردووە.

12- چۆن دەزانیت باشترین کەناڵە ؟ بە چ پێوەرێك ؟

-تێدەگەیت لە رووی زمانەوانیەوە

-روونی دارشتنی بابەتەکان بە زمانێکی زانستیانە

-راستگۆیی و واقیعیانەی بەرنامە و زانیاریەکان

-نزیکی لە راو بۆچوون و ئینتمایی سیاسی

-لەبەر بەرنامە هەمەجۆرەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیان

-بۆ زانینی رووداوەکانی جیهان

-خێرایی گەیاندنی هەواڵەکان و مەیدانی بوونی کەناڵەکە

-هۆکاری تر




فیکەری ژمارە 12

ئەم دەرخستەیە ئەوە دەردەخات کە هاوڵاتیانی کورد گرنگی زۆر بە زمانی دیالێکتەکانەوە لە راگەیاندنەوە دەدەن چونکە زۆری وەڵامەکانیان لەم بوارە بووە بەشێوەیەك کە تێگەشتن لە هەواڵەکان کە بە دیالێکتەکەی خۆی بووە هۆی تەماشاکردنی کەناڵەکان بووە بویە دەبێت گرنگی زۆر بە دیالێکتە بەکارهێنراوەکان لە راگەیاندن بدەین چونکە لایەنێکی کارگەری دەبێت لە راکیشانی بینەر بۆ تەماشاکردنی بەرنامەکان .

13- ئەو بەرنامانە چین کە بەلای تووە پەسەندن لە کەناڵە ئاسمانیەکان؟

-بەرنامە ئابۆریەکان

-بەرنامە ئاینیەکان

-بەرنامە تەندروستیەکان

-بەرنامە وەرزشیەکان

-هەواڵ و بەرنامە سیاسیەکان

-بەرنامەی دارشتن ودیکۆمێنتاری

-بەرنامەی زانستی و فێرکاری
-بەرنامە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان




فیکەری ژمارە 13

دیارە کە رووداوەکانی ناوچەکە و باردۆخی سیاسی نائارام کە بە هەر چوار پارچەی کوردستان تێدەپەڕێت و هەبوونی شەر لە دوو پارچەی کوردستان باری نائارامی دوو پارچەکەی تر و هەلقولانی ناوچەکە بە کێشە و قەیرانە یەك لە دوای یەکەکان وای کردووە کە هاولاتی کورد زۆر گرنگی بدات بە هەواڵی ناوچەکە و هەموو جیهان .

-14 ئایا هیچ دیالێکتێکی زمانی کوردی جیاواز لە دیالێکتەکەی خۆت فێربووی لە رووی تێگەیشتنەوە بە رێگای راگەیاندنەوە؟

- بەڵێ - تاڕادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 14

لێرەدا مەبەستی سەرەکی ئەم لێکولینەوە دەردەکەوێت ئەویش گرنگی راگەیاندنە بە گشتی و کەناڵە ئاسمانیەکان بە تایبەتی لە سەر لە یەك نزیك کردنەوەی دیالێکتە کوردیەکان ئایا تا چەند راگەیاندن گرنگی بەم لاینە داوە تا چەند ئیمە پیویستمانە کەناڵی ئاسمانی تایبەت دروست بکەین کە کار لە سەر زمانی کوردی بکات و نزیك کردنەوەی دیالێکتەکان ئەنجام بدات چونکە دیارە کە چەند کارگەری هەبووە لە سەر یەکتر نزیککردنەوەی دیالێکتەکان لە یەکتری واتە راگەیاندنی نوێ بی ئەوەی ئاگای لێبێت زمانی یەکگرتوو خەریکە دروست ئەویش تەنها بە گرنگی دان بە هەموو دیالێکتەکان بۆ ئەوەی هیچ کوردێك هەست نەکات کە بێ بەشە لەم ولاتە هەستی ئینتما بوونی لا دروست بێت .

-15 ئایا هیچ دیالێکتێکی زمانی کوردی جیاواز لە دیالێکتەکەی خۆت فێربووی لە رووی قسەکردنەوە بە رێگای راگەیاندنەوە؟

- بەڵێ - تاڕادەیەك - نەخێر

هەمان مەبەستی سەرەوە .




فیکەری ژمارە 15

16- ئایا چ جۆرە ڕێنووسێکی کوردیت پێ باشە لە ڕاگەیاندنەکان بەکار بێت،کە بەسوود بێت بۆ زیاتر لێك تێگەیشتن لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی؟

ڕێنووسی لاتینی - ڕێنووسی ئارامی (عەرەبی)




فیکەری ژمارە 16

بێزاری هاوڵاتیانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە کەلتوری عەرەبی کە تێکەڵ کراوە بە مۆرکی ئاینی وای کردووە بێزاربوون روو بدات لە بەکارهێنانی ڕێنووسی ئارامی کە بە ڕێنووسی عەرەبی ناوی دەرکردووە بۆیە دەبینین زۆربەی بەشداربوون لە گەڵ بەکارهێنانی ڕێنووسی لاتینین بۆیە بەرای من دەبێت هەڵوەستە لە سەر ئەم بابەتە بکرێت ئەمەش بەروە بەکارهێنانی ڕێنووسی یەکگرتووە کە هەموو پارچەکانی کوردستان بەکاری بهێنن و ڕێك بکەون لەسەری .

17- ئایا بەکارهێنانی ووشەو دەستەواژەی لۆکاڵی ( عامی ) شارە جیاوازەکانی کوردستانت پێ باشە لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان ؟

- بەڵێ - تاڕادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 17

دیارە کە هاوڵاتیان پیان باشە کە زمانی ڕاگەیاندن زمانێکی سادە بێت وشە و دەستەواژەی لوکاڵی تێدا بەکار بێت بۆ ئەوەی دیالێکتەکەی خۆی و شێوازارەکەی ئەگەر بە چەند وشەیەکیش بێت .

18- بە ڕای تۆ کام لە کەناڵە ئاسمانیانە توانیویانە تێکەڵی دروست بکەن لە نێوان دیالێکتە کوردیەکان؟

- ڕوداو - NRT - کوردستان TV - سپیدە

- کوردسات - زاگروس - گەلی کوردستان - کەناڵێکی تر




فیکەری ژمارە 18

ئەمەش دیاری دەکات کە کەناڵی ئاسمانی روداوو رۆڵێکی گەورەی هەیە لە لایەنی زمانەوانیەوە پێویستە سەرجەم کەناڵە ئاسمانیەکان هەمان رێچەڵەکی روداوو بگرنە بەر بۆ ئەوەی لە ماویەکی کورتدا بگەینە ئەو خاڵەی کە زۆربەی کوردان لە زمانی یەکتر تێبگەن و قسەی پێبکەن .

19- بەڕای تۆ ئەو تێکەڵ کردنەی نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی کە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەیکەن، پەرە بە زمانی کوردی دەدات و کاریگەری لەسەر نزیك کردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دروست دەکات ؟

- بەڵێ - تاڕادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 19

دیار دەبێت کە زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتیانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێیان خۆشە و بە زەرورەتی دەزانن کە چیتر ئەو بارودۆخە بەردەوام نەبێت ببینە خاوەن زمانێکی یەکگرتووی یان بە لایەنی کەم هەموو کوردێك لە هەر شوێنیك بێت لە برا کوردەکەی تێبگات کە قسە دەکات .

20- ئایا پێت باشە تێکەهلکێشی دیالێکتە کوردیەکان لە زمانی بەکارهێنراوی کەناڵە کوردیەکان بکرێت ؟

- بەڵێ - تارادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 20

بەپێی داتاکان دەرکەوتوو کە هاوولاتی کورد دەرمارگیری نیە بەرامبەر بە دیالێکتەکەی خۆی بەڵکو پێی باشە کە فیری دیالیکتیکی تر ببێت یاخود بە لایەنی کەمەوە تێبگات لە هەموو دیالێکتەکان .

21- بەرای تۆ کام دیالێکتی بەکارهێنراو لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان توانیویەتی بە ئاسانی زانیاریەکان بە تۆ وەك بینەر بگەیەنێت؟

1- کرمانجی سەروو

2- کرمانجی خواروو ( سۆرانی )

3- لوری

4- گوران وزازا




فیکەری ژمارە 21

ئەمەش پەیوەندی بە ڕێژەی قسەکەرانی دیالیکتە سەرەکیەکانەوە هەیە کە دیارە کە کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو (سورانی) زۆربەی هەرە زۆری قسەکەرانی کورد پێك دەهێنن بە پێی ئامارەکان .

22- بەرای تۆ کام شێواز لە بەکارهێنانی دیالێکتە کوردیەکان دەشێت لە داهاتوودا ببێتە شێوازی فەرمی گشت کەناڵەکانی گەیاندن و پەیوەندی کردن

-بەکارهێنانی یەك دیالێکت بە تەنها

-تێکەڵ کردنی دیالێکتەکان و کردنیان بە یەك دیالێکت

-بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە کاتی جیا جیا

-بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لەیەك کاتدا




فیکەری ژمارە 22

بە پێ ئامارەکان دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی کورد دەیانەوێت گویان لە سەرجەم دیالێکتە کوردیەکان ببێت و ئاشنای بن شارەزاییان هەبێت و هەوڵی لێ تێگەیشتنی دەدەن ئەمەش زەنگێکە بۆ هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە هەموو دیالێکتەکان بەکار بهێنن و هیچ دیالێکتێك فەراموش نەکەن بە بیانووی کەمی ڕێژەی قسەکەرانی هەر بۆیە دەبێت ئاگامان لەم خاڵە زۆر هەبێت بە وردیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین تا وەکو هیچ تاکێکی کورد دیالێکتەکەی خۆی بە کەم نەزانێت و خۆی بە مەغبوون نەزانێت واتە هەموو تاکێکی کورد خۆی ببینێت لە ناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن .

23- ئایا موتابەعەی تۆری میدیایی ڕوودا دەکەیت؟

- نەخێر - تارادەیەك بەڵێ -




فیکەری ژمارە 23

لێرەدا هۆکاری هەڵبژاردنی تۆری میدیای ڕووداو لە لایەن منەوە ئاشکەرا دەبێت ئەویش ئەوەیە کە ڕێژەکەی بەرچاو لە هاوڵاتیانی کورد تەماشای دەکەن دیارە توانیویەتی شوێنی خۆی بکاتەوە لە نێو جەماوەری کوردستاندا .

24- کام لەم بەشانەی تۆری میدیایی ڕووداو موتابەعە دەکەیت؟

- تەلەفزیون - رادیۆ - رۆژنامە - مەڵتی میدیا




فیگەری ژمارە 24

دیارە کە لە دنیای جیهان گیری دا خەڵکی زیاتر کاتەکانی لە پێش تەلەفزیوندا بە سەر دەبات لە کاتی پشوودان لە ماڵەوە و بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ.

25-کام لە بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو زیاتر تەماشا دەکەیت؟

-هەواڵ و بەرنامەی سیاسی

-بەرنامەی وەرزشی

-بەرنامەی تەندروستی

-بەرنامەی ئابوریەکان

-بەرنامە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان

-بەرنامەی دیکۆمێنتاری




فیگەری ژمارە 25

ئاشکەرایە کە بارودۆخی سیاسی هەرچوار پارچەی کوردستان نا ئارامەو شەری تێدا دەکرێت بەرامبەر تیرۆرستان و ڕژێمە نا دیموکراتەکان کە شەری میللەتی کورد دەکەن وایان کردووە کە هەمیشە تاکی کورد بە دوای هەواڵ و بەرنامەی سیاسی بێت.

26-بەڕای تۆ تۆری میدیایی ڕووداو تا چەند توانیویەتی پەرە بە دیالیکتەکانی زمانی کوردی بدات؟

-زۆر - تاڕادەیەك - کەم - نەکردووە



فیکەری ژمارە 26

دەردەکەوێت کە بە رای زۆربەی بەشداربووان تۆری میدیای روداوو کارگەری زۆری کردووە لە سەر دیالیکتە کوردیەکان بە تایبەتی و زمانی کوردی بە گشتی ئەویش بە بەرکارهێنانی دوو دیالێکتی سەرەکی پیویستە لە داهاتوودا هەموو دیالیکتەکان بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی خزمەتی زمانی کوردی بکات .

27 - ئایا هیچ دیالێکتێکی کوردی فێربوویت بە سود وەرگرتن لە تۆری میدیای رووداو

- بەلَی - تارادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 27

دەردەکەوێت کە رێژەی بەشداربووان کە فیری دیالێکتیکی تر بوونە کەلێك زۆرە بۆیە ئەمەش رێگایەکمان پیشان دەدەات بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە زمانی کوردی بدەین و دیالیکتەکان فیرببین ئەویش بە رێگای راگەیاندنەوەیە وەك باشترین کەناڵی پەیوەندی و لە یەکنزیگکردنەوەی دیالیکتەکان .

28- گەر وەڵامەکەت بە ( بەڵی ) یە کام دیالێکت فیربوویت؟

کرمانجی سەروو - کرمانجی خواروو (سۆرانی)




فیکەری ژمارە 28

دیارە کە رێژەیەکی زۆر فیری دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) بوونە ئەوەش چونکە رێژەی قسەکەرانی کرمانجی سەروو زیاترە بۆیە رێژەکە بەم شێوەیە دەرچووە ئەمەش ئاماژەیە کە هێچ دیالێکتیك قورس نیە بۆ فیربوون چونکە بناغەی زمانکە هەر یەکێکە و زۆربەی وشەکان بە یەك دەچن تەنها فونەتیکی جیاوازە .

29- شێوەی پێشکەش کردنی کام دیالێکتت زیاتر لا پەسەندە لە تۆری میدیایی رووداو؟

- کرمانجی سەروو - کرمانجی خواروو (سۆرانی)




فیکەری ژمارە 29

تۆری میدیای روداوو بنکەی سەرەکی دەکەوێتە شاری هەولێری پایتەختی کوردستانی باشوور بۆیە دیارە کە رێژەی قسەکەرانی بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) زیاترن لەو شارە و کادری زۆری هەیە کە بەو دیالیکتە قسە دەکەن بە پەیی رای بەشداربوون.

30- ئایا تۆری میدیایی رووداو توانیویەتی کاریگەری دروست بکات لە نزیك کردنەوەی دیالێکتە کوردیەکان؟

- بەلێ - تارادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 30

دیارە کارگەری تۆری میدیای روداوو زۆر دیارە لە سەر زمانی کوردی ئەویش بە پێ ئەو ئەنجامانەی بە دەست هاتووە هەروەها بۆیە بە رای من دەبێت زۆر گرنگی بدرێت بەم لاینە زیاتر لە بەستنی کۆر و کۆبوونەوە رەنگە فیلمێکی دراما زۆرتر کاریگەری دروست بکات لە چەندین پانێل و دانشتن و زۆربوونی ئەم کۆبونەوانە بەرای من زۆر کەم کارگەری کردووە لە سەر بەرەو پێشچوونی زمان .

31- بەڕای تۆ تۆری میدیایی رووداو هاوسەنگی پاراستووە لە نێوان بەکارهێنانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی؟

-بەلێ - تاڕادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 31

هەرچەندە تۆری میدیای روداوو لە هەولێری پایتەختی باشوری کوردستانەوە پەخشدەکرێت کەهاولاتیانی ئەو شوینە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) قسە دەکەن بەلاّم کەچی بە پێی ولامی بەشداربوون توانیویەتی هاوسەنگی لە نێوان دیالێکتە سەرەکیەکان بپارێزێت.

32 -ئایا ڕازیت لە دابەشکردنی کاتەکانی تۆری میدیایی رووداو بە پێی دیالێکتەکانی زمانی کوردی؟

-بەلێ - تارادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 32

ئەمەش دیسان ئەوە دەردەخات کە زۆربەی قسەکەرانی زمانی کوردی بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو و خواروو قسە دەکەن چونکە ئەم کەناڵە بەرنامەکانی بە هەردوو دیالێکت پەخش دەکات و زۆری بینەرانی هەردوو دیالێکت لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان وای کردووە وەلاّمەکانیان رازیبونی پیوە دیار بێت لە دابەشکردنی کاتەکان بەلاّم بە رای من رووداو توانیویەتی سەرکەوتنی باش بە دەست بێنی لە رووی تەماشا کردنەوە بەلاّم دەبێت بەو دوو دیالێکتەی تریش بەرنامە پێشکەش بکات .

33- ئایا کام رێنووست لا پەسەندە، لە تۆری میدیایی رووداو؟

- رێنووسی لاتینی - رێنووسی ئارامی (عەرەبی)




فیکەری ژمارە 33

لێرەدا بەرپەرچدانەوە رێنوسی ئارامی (عەرەبی) پیوە دیارە واتە ئەو رێنوسەی کە لە هەرسی پارچەی کوردستان کاری پێدەکرێت ئەویش کوردستانی باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەمەش بە رای من چونکە میللەتی فارس و عەرەب بەم رێنووسە دەنوسن هاوڵاتیانی ئەم سێ پارچەی باسمان کرد دەیانەوێت بلێن ئیمە کوردین نە عەرەبین نە فارسین و دەمانەوێت لە ژێر رکیفی ئەوان دەرچین و رینوسی ئەوانیشمان ناوێت .

34- تۆری میدیای روداو تێکهەڵکێشی نێوان دیالێکتە کوردیەکان ئەنجام دەدات لە رووی رێنوسی هەواڵ و بەرنامەکانی خویدا ، ئایا ئەم کارەت پێ باشە ؟

- بەڵێ - تارادەیەك - نەخێر




فیکەری ژمارە 34

لێرشدا دەردەکەوێت کە ئەم کارەی کە روداوو دەیکات لە تێکەڵکردنی هەردوو دیالێکتی سەرەکی لە رووی رێنووس و بەکارهێنانەوە جێگای رەزامەندی هاوڵاتیانی کوردە پەروشیان پیشاندەدات بۆ زمانەکەیان و دەیانەوێت فێری دیالێکتەکانی تر بن .

35- بە رای تۆ تۆری میدیای روداو بە چ شێوازێك دیالێکتە کوردیەکان بەکاربێنێت ؟

-بەکارهێنانی یەك دیالێکت بە تەنها

-تێکەل کردنی دیالێکتەکان و کردنیان بە یەك دیالێکت

-بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە کاتی جیا جیا

-بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لەیەك کاتدا




فیکەری ژمارە 35

لێرەدا دەردەکەوێت کە هەندی کاریگەری دەمارگیری پیوە دیارە کە ئەویش لە بەکارهێنانی تەنها یەك دیالێکتە ئەمەش خۆشبەختانە رای کەمینەی هاوڵاتیانی کوردە زۆرینەی هاوڵاتیانی کورد دەیانەوێت فیری دیالیکتە کوردیە جیاوازەکان بن یاخود بە لایەنی کەم نایانەوێت دیالێکتی جیاواز لە خۆی بێبەش بێت لە هەواڵ و زانیاری بە دیالێکتی زگماکی خۆی

ئەمەش جێگای خۆشحاڵی و سەرفرازییە کە میللەتەکەمان هۆشیاری نەتەوایەتی بەرامبەر ئەم پرسە هەستیارە بە وریایەوە مامەڵە دەکات و بە هیوایین کە سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن لە هەر چوار پارچەی کوردستان رێچکەی روداوو بگرنە بەر بەڵکو لە روداوو باشتر بتوانن هاوسەنگی لە نێوان بەکارهێنانی دیالێکتە کوردیەکان بپارێزن و بەکاری بهێنن و بۆ ئەوەی کە سنوری جیا کراوی وڵاتە جیاوازەکان کارگەری نەبێت لە سەر دروست بوونی زمانی لە یەکتر گەیشتنی نەتەوەی کورد کە زمانی پاراوی و شیرینی کوردیە .

**ئەنجام**

سەرەڕای جیاوازی لە ژمارەی دانیشتوانی پارچەکانی کوردستان، کەچی ڕێژەی بەشداریکردن تاڕادەیەك نزیکن،لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە مەبەستمان گەلی کورد بووە لە هەر چوار پارچەی کوردستانی گەورە بۆیە ڕێژەی بەشداربووان لە هەموو پارچەکان لە یەك نزیکن بۆیە دەکرێت بڵێن ئەم زانیاریانە گشتگیر بووە و لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەی گەشتینە چەند ئەنجامێك کە گرنگترینیان :

1- ڕێژەیەکی بەرچاو سودمەندن لە وەرگرتنی زانیارییەکانیان لە ڕێگەی کەناڵە کوردییەکانەوەیە، واتە 71% بەشدار بوانی ئەم ڕاپرسییە بینەری کەناڵە کوردییەکانن دیارە کە هەموو کەناڵەکان بینەریان هەیە بەڵام باڵاکشانی روداوو بە ئاشکەرا دیار و روونە کە هاوڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە ڕێژەکەی بەرچاو تەماشای دەکەن و چاوەری هەواڵ و زانیاریەکانی دەکەن بە رای من زۆری پەیامنێر لە هەموو شارە گرنگەکانی کوردستانی گەورە و زۆری بەرنامە راستەخۆکانی لە سەر بابەتە گرنگە هەنووکەییەکان ئەم ریژە زۆرەی بینەری بە کەناڵی رووداو بەخشیبێت کە دەگاتە 61% لە کۆی هەموو بەشداربووان .

2- زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتیانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زەرورەتی دەزانن کە ببینە خاوەن زمانێکی یەگرتووی یان بە لایەنی کەم هەموو کوردێك لە هەر شوێنێك بێت لە برا کوردەکەی تێبگات کە قسە دەکات ئەمەش بە پێ ئامارەکان دەرکەوتووە کە ڕێژەی لە 72 % هاوڵاتیانی کورد دەیانەوێت گویان لە سەرجەم دیالێکتە کوردیەکان ببێت و ئاشنای بن شارەزییان هەبێت و هەوڵی لێ تیگەیشتنی دەدەن ئەمەش زەنگێکە بۆ هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن کە هەموو دیالێکتەکان بەکار بهێنن و هیچ دیالێکتێك فەراموش نەکەن بە بیانووی کەمی ڕێژەی قسەکەرانی هەر بۆیە دەبێت ئاگامان لەم خاڵە زۆر هەبێت بە وردیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین تا وەکو هیچ تاکێکی کورد دیالێکتەکەی خۆی بە کەم نەزانێت و خۆی بە مەغبوون نەزانێت واتە هەموو تاکێکی کورد خۆی ببینێت لە ناو کەناڵەکانی راگەیاندن هەروەها پیویستمانە کەناڵی ئاسمانی تایبەت دروست بکەین کە کار لە سەر زمانی کوردی بکات و نزیك کردنەوەی دیالێکتەکان ئەنجام بدات چونکە دیارە کە چەند کارگەری هەبووە لە سەر یەکتر نزیکگردنەوەی دیالێکتەکان لە یەکتری بۆیە بە رای من دەبێت زۆر گرنگی بدرێت بەم لاینە زیاتر لە بەستنی کۆر و کۆبوونەوە رەنگە فیلمێکی دراما زۆرتر کاریگەری دروست بکات لە چەندین پانێل و دانشتن و زۆربوونی ئەم کۆبونەوانە بەرای من زۆر کەم کارگەری کردووە لە سەر بەرەو پێشچوونی زمان واتە راگەیاندنی نۆی بی ئەوەی ئاگای لێبیت زمانی یەکگرتوو خەریکە دروست دەکات .

3- لەم راپرسیەدا دەردەکەوێت کە هاوڵاتیانی کورد بە ڕێژەی 67% پییان باشە ڕێنووسی لاتینی بەکاربهێنن و بەرپەرچی ڕێنوسی ئارامی (عەرەبی) دەدەن واتە ئەو ڕێنووسەی کە لە هەرسی پارچەی کوردستان کاری پێدەکرێت ئەویش کوردستانی باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەمەش بە رای من چونکە میللەتی فارس و عەرەب بەم ڕێنووسە دەنوسن هاوڵاتیانی ئەم سێ پارچەی باسمان کرد دەیانەوێت بڵێن ئیمە کوردین نە عەرەبین نە فارسین و دەمانەوێت لە ژێر رکیفی ئەوان دەرچین و ڕێنوسی ئەوانیشمان ناوێت بێزاری هاوڵاتیانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە کەڵتوری عەرەبی کە تێکەڵ کراوە بە مۆرکی ئاینی وای کردووە بێزاربوون روو بدات لە بەکارهێنانی ڕێنووسی ئارامی (عەرەبی) بۆیە دەبین زۆربەی بەشداربوون لە گەڵ بەکارهێنانی ڕێنوسی لاتینین بۆیە بەرای من دەبێت هەڵوەستە لە سەر ئەم بابەتە بکرێت ئەمەش بەروە بەکارهێنانی ڕێنوسی یەگرتووی کە هەموو پارچەکانی کوردستان بەکاری بهێنن و ڕێك بکەون لەسەری .

4- بە رای زۆربەی بەشداربووان کە تۆری میدیای روداوو کارگەری زۆری کردووە لە سەر نزیکگردنەوەی دیالیکتە کوردییە سەرەکییەکان ئەویش بە بەرکارهێنانی دوو دیالێکتی سەرەکی کە زۆربەی قسەکەرانی زمانی کوردی بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو و خواروو قسە دەکەن لەم میانەدا ڕێژەیەکی زۆر فیری دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) بوونە کە دەگاتە 58 % ئەوەش بە رێگای (تۆری میدیای رووداو) مە ئەمەش ئاماژەیە کە هێچ دیالێکتێك قورس نیە بۆ فیربوون چونکە بناغەی زمانی کوردی هەر یەکێکە و زۆربەی وشەکان بە یەك دەچن تەنها فونەتیکی جیاوازە هەروەها دەردەکەوێت کە پیویستە لە داهاتوودا سەرجەم کەناڵە کوردیەکان هەموو دیالێکتەکان بەکار بهێنێت بۆ

ئەوەی خزمەتی زمانی کوردی بکەن و هەروەها ئەو هاوڵاتیانەی کە فیری دیالێکتێکی تر بوونە کەلێك زۆرە بۆیە ئەمەش ڕێگایەکمان پیشان دەدات بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە زمانی کوردی بدەین و دیالێکتەکان فیرببین ئەوەیش بە ڕێگای ڕاگەیاندنەوەیە وەك باشترین کەناڵی پەیوەندی و لە یەکنزیگکردنەوەی دیالیکتەکان .

## ڕاسپاردە

بەرنامە و پرۆژەی هەمەجۆر هەیە بۆ پاراستنی زمان و لە فەوتان.دەکرێ گشت دیالیکتیەکی کوردی لە بواری ئەدەبی و هونەری، دەرفەتی گەشە کردنیان بۆ برەخسێ، بۆ ئەوەی لەپاڵ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی، دیالیکتە کوردییەکان درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن.لە هەمان کاتدا دیالیکتە کوردییەکان سەرچاوەیەك بن بۆ بەهێز کردن و دەوڵەمەند کردنی زمانی ستانداردی کوردی، بە پێچەوانەوەی ئەم ئاراستەیە، بە کارخستنی ئەم هەموو دیالیکتە کوردییە لە بواری پەروەردە و ناساندنیان وەك زمانی سەربەخۆ، ئەنجامێکی زۆر خراپ و وێرانکەری دەبێ بۆ سەر پاشەرۆژی نەتەوەی کورد لەم هەرێمە ڕزگار کراوەی کوردستان گەڕەلاوژەیەکی دیالیکتیی دروست دەبێ کە دوای تێپەڕ بوونی چەند دەیەیەك، ئەو دیالێکتانە دەبن بە زمانی سەربەخۆ و داوای مافی کولتوریی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، ئیدی هیچ شتێك نامێنێتەوە کە پێی بگووترێ زمانی کوردی و نەتەوەی کورد. ئەگەر ئەمڕۆ لەم پارچەیەی خاکی کوردستان کە تیایدا زمانی کوردی بە ڕەسمی ناسراوە، هەوڵی زمانێکی یەکگرتوو نەدرێ، ئەوا لە پاشەرۆژ هەمان بێسەروبەری و پاشاگەردانی زمانیی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان دەچێت و ئەوانیش دەکەونە هەمان گێژاوی زمانییەوە، ئەمەش لەپاڵ هەر دامەزراوەیەکی ئەکادیمی و زانستی دا ئەرکی دەزگا ڕاگەیاندنەکوردییەکانە کار لەسەر نزیك کردنەوەی دیالێکتەکان بکەن.

بەوپێیەی ئێستا لە سەردەمی جیهانگیری دا دەژیین و باشترین ئامێر کە تەکنۆلۆژیا بەرهەمی هێناون لەبەردەستدان بۆ پەیوەندیکردن ، و سەرمایەیەکی گەورە لەو بوارەدا خەرجەدکرێت، ئەکرێت لە گەڵ مەبەستە سیاسی و کلتوری و ئاینی و ئابورییەکاندا، خزمەت بە نزیك کردنەوەی دیالیکتە جیاوازەکانی کوردیش بکەین، تا لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە تێگەشتن و ئینتیمای هاوبەش دروستبێت

## سەرچاوەکان


1. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1986) :-نووسینی کوردی بە ئەلف وبێی عەرەبی ، چاپخانەی علا ، بەغدا.
2. PKKپارتی کرێکارانی کوردستان، گەورەترین پارتی کوردییە لە کوردستانی باکور لە 27 th November 1978 لەلایەن عبدوڵا ئۆجەلانەوە دامەزرا، بڕوانە : http://www.pkkonline.com/en/index.php?sys=article&artID=175دواین سەردان2015/5/6
3. چۆلی ئەسعەد ( 2013 ) :- زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا :چاپخانەی کەمال ، سلێمانی.
4. جەمال نەبەز (1976) :-زمانی یەکگرتووری کوردی ، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ، ئەڵمانیا.
5. ڕەحیم سورخی (2008) :- پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری زمان ، مۆدێل و ڕێبازی توێژینەوە، دەزگای موکریانی ، دهۆك.
6. مەسعوود محەمەد (2011) :- زمان و ڕێنووسی کوردی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
7. مەسعوود محەمەد (1978) :- بەرەو ڕاستەشەقامی ئاخاوتنی کوردی ، لە چاپکراوە کانی کۆڕی زانیاری کورد ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا
8. د. أمیرە الحسینی (2005) :- فن الكتابه للأذاعه والتلفزيون ، دار النهچه العربيه، بيروت / لبنان.
9. إبراهيم أنيس (1970) :-اللغه بين القوميه والعالميه، دار المعارف – مصر.
10. أ.د : سامى الشريف – د. أيمن منصور ندا (2004) :- اللغه الإعلاميه ( المفاهيم- الأسس – التگبيقات ) جامعه القاهره للتعليم المفتوح ، القاهره.
11. د. عدنان محمد سلمان (2011) :- الفارابى وێراۆه اللغويه فى كتاب الحروف ، مجله المورد، عدد 1.
12. د. عبد العزيز شرف (1971) :-الإعلام ولغه الحچاره ، مجله اللسان العربى، العدد 1، الگبعه 11.

13.د. عبد اللگيف حمزه (1984) :- الإعلام والدعايه ، الهيئه المصريه للكتاب ، گبعه 2
14.د. عبد العزيز شرف (1989) :- المدخل إلى وسائل الإعلام، بيروت:دار الكتاب اللبنانى ، گبعه1
15.د. محمد غنيمى هلال(1989) :- النقد الأدبى الحديپ ، مكتبه نهچه مصر ، القاهره.
16. Heinrich Löffler (2006) :-DIALEKT UND STANDARD IM MEDIENZEI TAL TER, Mannheim.